فێربوونی

# ئینتەرنێت

هێمن مەلا کەریم بەرزنجی
hemnymela@yahoo.com
dr.hemn@yahoo.com

**بێدەنگی لە چەنەبازەوەفێربووم ...و هەوڵدان لەتەمەڵەوە ...و هێمنی لە لوت بەرزەوە ،زۆر سەیرە من ڕێزی ئەم مامۆستایانەم ناگرم ..............!!**

**جۆزێف جۆبێر**

**ئەم بەرهەمە پێشکەشەبە:**

*هەموو ئەوانەی بوونەتە بەشێك لە یادگاری و بیرەوەرییەكانم.

*هەموو هاوڕێكانم.

*دایكم و...باوكم ...و هەردوو براكەم.

*ئەو مرۆڤەی پڕبەدڵ خۆشم دەوێت و هەموو ڕۆژێ بەنیگایەكی شەرمنانە ئەو خۆشەویستییەی بۆ دەردەبڕم و ئاواتە خوازم لە ئاییندەیەكی نزیك دا ببێتە هاوسەرم.

## ناسنامە

-كتێبی :فێربوونی ئینتەرنێت

-نوسینی :هێمن مەلا كەریم بەرزنجی

-پیتچنین و،نەخشەسازی ناوەوە:نووسەر

-بابەتی بەرهەم:زانستی –تەكنەلۆژیای زانیارییەكان

-تیراژ:4000هەزار دانە

-شوێنی چاپ :سلێمانی –2010

-نۆبەتی چاپ:دووەم.

## بەناوی خوای گەورەی میهرەبان

## پێشەکی

ئینتەرنێت وەکو بەشێکی گەورە و گرنگ و هاوڕێی مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و بۆتە پێویستییەکی هەنووکەیی پڕبایەخی ژیانی مرۆڤەکان و،کارئاسانییەکی تەواومان بۆ دەکات و ،ئیش و کارەکانی ژیانی ڕۆژانەمان بە ئاسانی بۆ ڕادەپەڕێنێت،بۆیە فێربوونی پێویستە .

ئەم بەرهەمەی لەبەردەستی تۆی خوێنەر و فێرخوازیشدا یە ،یەکێکە لە هەوڵە ئەکادیمییەکانی نووسەر لە بوواری زانستی کۆمپیوتەر و تەکنەلۆژیای زانیارییەکان دا و،هیوادارین توانیبێتمان بەهۆیەوە ئارەزوومەندانی ئەم بووارە فێری ئینتەرنێت بکەین.ئەوەی دەمەوێت لەم پێشەکییە کورتەدا ئاماژەی پێبدەم ،داواکارییەکە لە هاوڕێ ئەکادیمیستەکانم،کە لە بوارەکانی ئایتی و ئەندازیاری کۆمپیوتەر دا پسپۆڕن،هەڵبستن بە وەرگێڕان و نووسین و بەکوردی کردنی ئەم زانستە پڕبایەخ و گرنگ و پێویستەی ژیان،بەمەش خزمەتێك بە کۆمەڵگەی کوردی دەکەن و بەرهەمی زانستی و ئەکادیمیش دەخەنە بەردەست  فێرخوازانی کورد و،ئارەزوو مەندان و ،فێرخوازانیش لە بەرهەمی سەقەت و نازانستی و وەرگێڕانی نەشارەزایانە ڕزگار دەکەن و،فێربوونەکان دەکەنە فێربوونی ئەکادیمی و ،ئەوانەشی نائەکادیمین و هیچ خولێکی نێودەوڵەتیشیان نەبینیووەو زمانی زانستیش شارەزا نین ،ناچاردەبن واز لە کاری نووسینی کتێب لەم بووارەدا بهێنن و بیرلە کارێکی دیکە بکەنەوە.لەکۆتای دا،هیوادارم لە ڕەخنە و پێشنیارەکانتان ئاگادارمان بکەنەوەو،هەولّ و ماندوبوونی ئێمەشتان لەبەر چاوبێت .چونکە باوەڕمان وایە هیچ بەرهەمێك بێکەم و کوڕی نییە و،ئەم فەرموودەی پێغەمبەرمان موحەمەدەلمستەفاش (د.خ) دەکەمە دواین پەیڤ: **قال رسول الله صلى الله عليه و سلم:اذا مات الانسان انقطع عنه عمله الا ثلاث ،الا من صدقة جارية او عيلم ينتفع به او ولد صالح يدعو له                    اخرجه مسلم و النسائي و احمد**

هێمن حاجی سەیید عەبدولکەریم سەیید ئەحمەد شێخولئیسلامی مودەڕیسی بەرزنجی

# بەشی یەکەم

# ناساندنی ئینتەرنێت

# مێژوویی ئینتەرنێت

مێژووی دروست بوون و،سەرهەڵدانی ئینتەرنێت زۆر کۆن نییەو،دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1969ز،کە لەلایەن وەزارەتی بەرگری ئەمریکی یەوە هەوڵی بۆ درا هەتاوەکو وەکو ئامێری لاسلکی سودی لێوەربگرن و،لەبواری جەنگدا بەکاری بهێنن،کە بۆئەم مەبەستە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی شارەزاو،خاوەن ئەزموون و،لێکۆڵیاری بەتوانای کۆکردەوەو،دوواتر لێکۆڵەران هەستان بە دامەزراندنی تۆڕێك بەناوی(تۆڕی پرۆژەی لێکۆڵینەوەی پێشکەوتوو)و،کورتکراوەی ARPA net-یان بۆ دانا کە بریتییەلە: Advanced research project agency network.ئەم پرۆژەیە تایبەتبوو بە وەزارەتی بەرگری ئامریکی.

لەساڵەکانی 1982و1985ز-دا ئەم تۆڕی APRA netپەرەی زیاتری پێدراو،کرا بە دوو بەشی سەرەکییەوە بەناوەکانی (ARPA net)کە بۆ مەبەستی شارستانی بەکاردەهات و،لە نێوان چوار زانستگە (زانکۆ)دا بە ناوەکانی (زانکۆی کالیفۆڕنیا لە لۆسئەنجلوس-زانکۆی کالیفۆرنیا لە سانتابارابارا-زانکۆی ئۆتا و،پەیمانگەی لێکۆڵینەوەی ستانفۆرد)سودی لێوەردەگیرا.وە بەشی (MIL net)کەتایبەت بوو بەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بواری عەسکەری.

لە ساڵی 1986ز-یشدا دامەزراوەی زانستی نیشتیمانی ( National Science Foundation)هەستا بە بەیەکگەیاندنی لێکۆڵیاران لە تەواوی ویلایەتە یە کگرتووەکاندا بەهۆی پێنج کۆمپیوتەری گەورەوە

،کە ئەم تۆڕەیان ناونا NSF net ، کەبە بڕبڕەی پشتی ئینتەرنێت دادەنرێت.

لە سەرەتا ژمارەی کۆمپیوتەرە پێکەوە بەستراوەکان زۆر نە بوو ، و وردە وردە گەیشتە دە هەزار کۆمپیوتەر Host Computer هەتاوەکو دەگاتە ئەمڕۆ کە ژمارەیان گەیشتۆتە مەلاین کۆمپیوتەر،و ڕۆژ بەڕۆژیش لە زیاد بووندایە.

بێگومان لەگەڵ بەرەو پێشچونی زیاتری مانگە دەستکردەکان و،زانستگەکانی ئەم بووارە ،ئینتەرنێتیش ڕوولە پێشکەوتنی زیاتر دەکات و،دەبێتە بەشێکی گەورەو،گرنگی مرۆڤایەتی و،دوو نییە لە ئایندەدا پێویست بەوە بکات کە هەرمرۆڤە و،خاوەنی پێگە و،ماڵپەڕی تایبەتی خۆی بێت لە ناو تۆڕی ئینتەرنێت دا ،هەتاوەکو بتوانێت بەهۆیەوە کارو بارەکانی ڕابپەڕێنێت.

بەهۆی نەبوونی ئاماری تەواوەوە نەمانتوانی ڕێژەی تەواوی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت دیاری بکەین لە سەرانسەری جیهاندا ،وەلێ هەندێك سەرچاوە پێیانوایە ،کە ژمارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت گەیشتۆتە 157ملیۆن بەکارهێنەر و،هەندێك سەر چاوە لەوە زیاتریش دەڵێن و،لەم ناوەدا گرفتی نە بوونی ناوەندێك کە نوێترین ئامار بڵاو بکاتەوە دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی نە توانین قسە لەسەر ژمارە و،ڕێژەبکەین.

ئینتەرنێت بۆتە پێویستییەکی هەنوکەیی و،لەگەڵ زۆر کۆن نەبوونی دیرۆکیدا ،بەتەوای ژیانی داگیرکردووە و،بە جۆرێك مرۆڤایەتی بۆ ئاستێکی زۆر بەرز و،باڵابردووەو،بووەتە باشترین هۆی گەیاندن

و،گواستنەوەو،دابینکردنی زانیاری و،زۆر هۆی تر کە لەدوواتر بەکورتی لە سەریان دەدوییێن و،ئاماژەیان پێدەکەین و،هەوڵیش دەدەین بەردەوام پەرە بەم بوارەبدەین و،زیاتریش چروپڕو،وردتری بکەینەوە .بەو هیوایەی سودی تەواوی لێوەربگرن و،بەتەواوی لێوەی فێربن و،بۆ بوارە گرنگ و،سودمەندەکان بەکاری بهێنن.



# ئینتەرنێت چییە...!!

ئینتەرنێت :بریتییە لە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر ئامێری کۆمپیوتەری بە ستراوە و،گرێدراوپێکەوە،کە بەکارهێنەر Userدەتوانێت بەهۆیەوە ئاڵوگۆڕی زانیاری پێویست بکات,وە بەوە لەتۆڕی کۆمپیتەری ئاسای جیادەکرێتەوە ،کە ژمارەی کۆمپیتەرەکانی زۆر زۆرە و،کراوەشە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە پەیوەندی دەگرن،بەپێچەوانەی تۆڕی کۆمپیوتەری ئاسایی و،ناوچەییەوە.

زاراوەی ئینتەرنێت Internet لەزمانی ئینگلیزی دا وشەیەکی لێکدراوەو،لە کورتکراوەی وشەکانی International Networkوە دروست بووەو،بە نامەی تۆڕی جیهانی (الشبکه العالمیه)دێت ،کە ئەم مانایە گشتگیر و،پڕاوپڕەو،لە مانای (پەیوەندی نێوان تۆڕەکان) ڕاستتر و،دروستترە ،کەهەندێك کەس بەو جۆرەی دەناسێنن.

ئاڵو گۆڕی زانیاری لەڕێگەی ئینتەیئنێتەوە یەکێکەلەو شتە گونجاوانی کە بەهۆی پەیوەندی ئەلەکترۆنییەوە بە ئەنجامدەگات لەوانە(نامە – ڕاپۆرت – وتار – کتێب – مەلەفاتی مۆسیقی ودەنگی و.............).بەشێوەیەك لەماوەی 10ساڵی ڕابردوودا پەرەی سەندووە بەهۆی هۆیە چالاکەکانی پەیوەندییەوە و،بۆتە سەرچاوەیەکی گەورەی زانیاری.

هەنوکە دەگونجێت بڵێین ئینتەرنێت هەستاوە بەگەیاندنی زیاتر لە (200)ملیۆن کۆمپیوتەر بەیەکتری لە زیاتر لە (240)دەوڵەتی جیهانیدا ،کە بەم پێیە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت زیاترلە(400)ملیۆن کەسە ،کە


لە 240 دەوڵەتی جیاوازدا دەژین و،ئەو زمانانەی لەم تۆڕەدا بەکاردەهێنرێن لە(82٪) زمانی ئینگلیزییەو،لە(4٪)زمانی ئەڵمانی و،لە (1.6٪)ژاپۆنی ولە(1.3)فەرەنسی و،لە (1٪)ئیسپانی و،زمانەکانی دیکەی جیهان لە (9.8٪)،کە ژمارەی بەکارهێنەران دەکاتە( 4–6٪) ی ڕێژەی دانیشتوانی گۆی زەوی ،کەبە (6–8)ملیارد مرۆڤ مەزەندە دەکرێت .

بێگومان هەمیشەو ، بە بەردەوامی ژمارەی بەکارهێنەران ڕوو لە زیاد بوون دەکات ،هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە کە دەوترێت بەهۆی ئینتەرنێت و،دونیای تەکنەلۆژیاوە جیهان بۆتە گوندێکی بچکۆلە ،دیارە ئەم قسەیە لەبەر ئەو هۆکارەیەکە لە کەمترین ماوەدا بەهۆی کەمترین نرخەوە دەتوانین هەواڵ و،زانیاری و، ڕووداو بگەیەنینە هەر شوێنێکی جیهان کەبمانەوێت ،کەواتە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئینتەرنێت گەیندنی خێراو،بێکێشەی زانیارییەکان و،بابەتەکانە بۆ هەر شوێنێك کەبمانەوێت.

ئەمە جگەلەوەی ،کە بەشێوەیەکی تەواو وەستاندنی و،بەزاندنی سنوربێئەوەی پێشوازی لێبکرێت بەشێکن لەتایبەتمەندییەکانی دیکەو،تایبەتمەندی تریشی زۆرە و،تۆی بەکارهێنەری ئەم بوارە گرنگ و،پڕبایەخەی تەکنەلۆژیا لەگەڵ بەکارهێنانی هەربوارێکی و،تێپەڕینی کاتدا زۆرترین تایبەتمەندییەکانی ئەم زانستە گەورەو ،فراوانە بێسنور و،بێمەودایەت بۆ ڕوندەبێتەوە ،کە لە ڕاستیدا پێویستە چەندا کتێب و،نامیلکەی لەبارەوە بنوسرێت و،هەربەشێکی بە جیا باسبکرێت لە بەرهەمێکی تایبەتی دا وەك چۆن لە دنیای دەرەوەدا دەیبینین

،بەنموونە چەندین کتێبمان لە سەر دروستکردنی وێبلۆگ هەیە کەلەهەر کتێبێکیاندا کۆمەڵێك سەرچاوەی دروستکردنی وێبلۆگی جیاواز باسکراوە ،لەگەڵ سەرچاوە سەرەکییەکان ،بەنموونە کتێبکەی ئەندازیار د.خەسرەوی مترجمی ،لەم بارەیەوە.

ئەمە جگەلە بوارەکانی دیکە ،کە بوارهەیە چەندان کتێبی لەسەر نووسراوە بەتایبەتی بوارەکانی (ئیمەیڵ – دروستکردنی سایت – گەران بەدوای زانیاریدا – دروستکردنی ئەلبومی تایبەت و گروپە هەواڵییەکان )زۆر جێگەی بایەخی بەکارهێنەرن ،ئەمە جگەلە بوواری گفتوگۆی ئینتەرنێتی CHATکە من بۆ خۆم زۆر بەگرنگی نازانم و،هەربۆیە لێرەدا زۆر گرنگیم پێی نەداوە .گەرچی لەئایندادا کتێبێکی تایبەت بەو بووارەدەنووسم .وەڵێ بەو هیوایەی تەنها لەکاتی پێویستیدا چاتبکرێت.



# ڕێگەکانی پەیوەندی کردن بە ئینتەرنێتەوە

بەشێوەیەکی سەرەکی و،باو تەنها دوو ڕێگەمان هەیە بۆ پەیوەندی کردن بە ئینتەرنێتەوە و،گرێدانی کۆمپیوتەرەکەمان لەگەڵ تۆڕی ئینتەرنێتدا بۆ ئەوەی بتوانین سود لەم جیهانە گەو رەو فراوان و،نویَ یە وەربگرین ،کە زۆر بەکورتی ئاماژەیا پێدەکەین هەتاوەکو تۆی بەکارهێنەر ،یان عاشق و،وێڵی زانست کەمێك شارەزایت لەبارەیانەوە هەبێت:

## 1–پەیوەندی ڕاستەوخۆ:

لەم جۆرەیاندا پەیوەندی کردن بەتۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە لە ڕێگەی پەیوەندی و،گرێدانی ڕاستەو خۆی ئامێری کۆمپیوتەرەکەوە دەبێت بە هێڵی ئینتەرنێتەوە کە بە TCP/IPناسراوە ،کە کورتکراوەی Transmission Control Protocol / Internet Protocolوئەم تۆڕەش بەشێك دەبێت لە تۆڕی ئینتەرنێت.

## 2–پەیوەندی ناراستەو خۆ:

ئەم جۆرە پەیوەندی کردنە کە خزمەتگوزاری تەلەفۆنیشی پێدەڵێن Dial-Up بە SLIP(Serial line internet protocol) یان PPP(Point To Point Protocol)ناو دەبرێت ،کە لەم جۆرەیاندا خزمەت گوزاری تەلەفۆن بەکاردەهێنرێت بۆ پەیوەندی نێوان ئامێری

کۆمپوتەرەکەو ،ئەو کۆمپانیایەی کە هێڵەکەی لێوەرگیراوە بۆ دابینکردنی خزمەت گوزاری ئینتەرنێت.



# پێویستییەکانی پەیوەندیکردن بە ئینتەرنێتەوە

**بۆ دابینکردنی هێلی ئینتەرنێت بۆ ماڵەکەت،یان کارگەو،کۆمپانیاو،شوێنی کارەکەت پێویستت بە چەند بەرنامەو،ئامێرو،هۆکاری یارمەتی دەردەبێت کەبە کورتی ئاماژە بەهەر یەکێکیان دەکەین ،هەتاوەکو هەرکاتێك بیرت لەهێڵی ئینتەرنێت کردەوە بزانیت چیت پێویست دەبێت و،لەچی پێك دێت:**

1–**ئامێرێکی کۆمپیوتەر ی کەسی** personal computer.



2–مۆدێم Modem:

کە بێگومان مۆدێمیش دوو جۆرە:

A–مۆدێمی ناوەکی Internalلە سەرشێوەی کارت Cardلە ناو ئامێری کۆمپیوتەرەکەدا.

B–مۆدێمی دەرەکیExternal لەسەرشێوەی ئامێر .

3–داوای بەشداری لە خزمەتگوزاری ئینتەرنێت دا:

مەبەست لەم خاڵە بوونی کۆمپانیاو،سەنتەرەکانی ISP – یە (Internet service provider)بۆ دابینکردنی هێڵی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت.

4–بگەر،یان هەڵدەرەوەی لاپەڕەBrowser.

ئەم خاڵە مەبەست لەو بەرنامەیەیە کەلەسەرئامێری کۆمپیوتەرەکەمان دایدەبەزێنینبۆئەوەی بەهۆیەوە ماڵپەڕەکان بکەینەوە و،بەشوێن زانیاریدا بگەڕێین لە ناو تۆڕە جیهانییەکاندا ،کە چەندان بەرنامەمان هەیە لەوانە:


–Internet Explorer:ئەم بگەرەی ئینتەرنێت لەلایەن کۆمپانیای گەورەی بەرهەمهێنی بەرنامەکان ،کۆمپانیای مایکرۆسۆفتەوە دروستکراوە .

–Netscape navigator:ئەم بەرنامە لەلایەن کۆمپانیای نێتسکەیپەوە دروستکراوەو،بگەڕێکی باش و ،جێگەی بایەخە.

–Neo Planetو Operaوچەندان بەرنامەی دیکە.

# وێب سایت

هەر ویبْ سایتێك لە ناونیشانێك ، یان URLێك( uniform resource locator) پێكهاتووە ،كە ئەم URLلە چەند بەشێك دروست بووە ،كە بەهۆی بگەڕی Browserئینتەرنێتەوە دەخوێندرێتەوە ،وەك لەم نمونەیەی خوارەوەدا ڕوونكراوەتەوە:




1–هەر URL ێك بە پرۆتۆكۆڵ دەست پێدەكات كەبریتییە لە http:// و كورتكراوەی Hyper Text Transfer Protocol–ە ،وبەمانای پرۆتۆكۆلی گواستنەوەی دەق دێت و،مەبەست لێی پێشكەش كردنی گەیاندنە بۆ زانیارییەكان لە تۆڕی وێب – دا.

2–بەشی دووەم WWWدەگرێتەوە كەكورتكراوەی وشەكانی (World Wide Web)و،بەمانای تۆڕی جاڵجاڵۆكەی جیهانی(الشیبكە العنكبوتیە العالمیە) دێت و،ڕێگەیەكی بنچینەییە بۆ گەیاندنی ماڵەڕە تایبەتەكان .واتە:زانیاری زۆر لە سەر ئینتەرنێت،كە

دەتوانین ئەم ماڵپەڕانە هەڵبگرین و،بیان پارێزینSave.وە ئاسایی لاپەڕەی وێب زانیارییەکان پیشان دەداتن لەسەر شێوەی دەق ، وێنە،دەنگ و،ڤیدیۆییو.......... .

تۆڕی جاڵجاڵۆکەی بەتەکنیکی Hyper textیان Linkئیشدەکات و،بەهۆی ئەو تەکنیکەوەیە دەتوانین بەکلیك کردن لەسەر دەق– دەنگ و ڤیدیۆی–وێنە–..........چالاك بکەین و،بینبنین،کەئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارەی کە زۆربەی لاپەڕەکانی وێب گرێدراون پێکەوەو،گەیەنراون بەیەك بەشێوەی Hyperlinkکەبەهۆیەوە دەتوانین بابەتێك هەڵبژێرین لە ناو ئەو بابەتانەی کە پیشانمان دراوە ،ئەویش بە نزیك کردنەوەی سەهمی ماوسەکە لێی ،کە گۆڕا بۆ دەست و سەهمەکە نەما ئەوە مانای وایە ئەو بەشە لینکە Linkو،بەکلیك کردن لەسەری بابەتەکە چالاك دەبێت و،دەکرێتەوە.

لێرەدا ملّپەڕی خاتوو چۆپی فەتاح بەنمونە دەهێنینەوە و،دەبینین بەکلیك کردن لە سەر هەر بەش و،نوسراوێك ،کە سەهمی ماوسەکەی دەبەینەسەر و،سەهمەکە دەگۆڕێت بۆ دەست ،ئەوا دەکرێتەوە و،مانای بوونی لینك دەگەیەنێت،کە ئێمە لە ماڵپەڕەکەی خاتوو چۆپی فەتاحدا کلیکمان لەسەر بەشی وێنەکرد بۆ بینینی ئەلبومی ئەو هونەرمەندە دەنگ خۆشە،تۆش بەئارەزووی خۆت کلیك لەسەر بەشێك بکە:

**ماڵپەڕی خاتو چۆپی فەتاحی گۆرانی بێژ و هونەرمەند**

www.chopy.net




3-به شی سێهەمی URLبیریتییەله(Bit media)کەبه ناوی ماڵپەڕ (domain name)ناسراوە و ناودەبرێت،كە بەهۆیەوە ماڵپەڕەكان جیادەكەینەوە لە یەكتری و،دەتوانین سەردانیان بكەین و،بیان ناسینەوە.

كاتێك ماڵپەڕێكSite دروست دەكەیت پێویستە ئەوەت لە پێشچاوبێت كە Domain Name – یكی كورت و،مانادار هەڵبژێریت بۆ ئەوەی ماڵپەڕەكەت زیاتر جێگەی بایەخ بێت و،بناسرێت.چونكە بەكارهێنەرانی ئینتەرنێت لەمبارەدا بە ئاسانی ناونیشانی سایتەكەتیان بۆ لەبەر دەكرێت و،دشزانن ماڵپەڕەكەت باس لە چیدەكات و،لە بارەی چییەوەیە.

4-بە شێكی دیكەی URL كە دەكاتە بەشی چوارەم بریتییە لە پاشگری سایت(Extension) كە بەهۆی نوقتەیەكەوە ( . – دۆت ) لە

**ناونیشانی سایتەکە جیادەکرێتەوە ژمارەیەکی زۆر پاشگر بەکاردەهێنرێت و،ڕۆژ بەڕۆژیش لە زیاد بووندایە.**

**لە سەرەتادا پاشگرەکان بۆ جیاکردنەوەی جۆری ماڵپەڕەکان سودی لێوەردەگیرا ،وەڵێ بەهۆی بوونی هەندێك گرفتەوە خەریکە ئەم شێوازە بەرەو لەناو چون دەچێت .ئەگەر چی هەرهەوڵدەدرێت ئەم شێوازە لە ڕێچکەی خۆیدا بمێنێتەوە و،بەردەوام بێت.چونکە هۆکارێکی باشە بۆ جیاکردنەوەی ماڵپەڕەکان لەیەکتری ،بەنمونە کاتێك ماڵپەڕێك بە (.com)کۆتایی بێت ،ئەوا دەزانین ئەو ماڵپەڕە تایبەتە بە بواری بازرگانی ، بە مانایەکی تر ماڵپەڕێکی بازرگانییە ،وەڵێ بوونی هەندێك گرفت وایکردووە کە ماڵپەڕی دیکەش هەبێت بە هەمان پاشگر . کە چی ماڵپەڕی بواری بازگانیش نەبێت ،دیارە هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ، کە ئەو ماڵپەڕانەی بە (.com)کۆتاییان دێت بتوانرێت لە کاتی کردنەوەیاندا تەنها ناوی ماڵپەڕەکە** Domain Name**بنوسرێت لە خانەی ناونیشانی** Address Bar **بەرنامەی بگەڕی** Browser **سەر کۆمپیوتەرەکەدا ،وبۆ نووسینی پێشگری (**WWW**)و ، پاشگری (**.COM**) پەنجە بنرێت بە هەردوو کلیلی (**Ctrl + Enter**)سەر ڕووی تەختەکلیلەکە (**Keyboard**) و بەمەش ماڵپەڕەکە دەکرێتەوە کارئاسانیمان بۆ دەکرێت .وە جگە لەم هۆکارە دیارو،ئاشکرایە چەندان هۆکاری دیکەش هەن ،کە باسکردنیان هەڵدەگرین بۆ شوێن و،کاتی دیکە.**

# پاشگرەکان

| ماناکەی | وشەکەی | پاشگرەکان |
|---|---|---|
| بازرگانی | Commercial | com |
| فێرکاری – پەروەردەیی | Education | edu |
| حکومەتی | Government | gov |
| سەربازی | Military | mil |
| تۆڕ | network | net |
| ڕێکخراووئۆرگانەکان | organization | org |
| جیهانی | international | int |

سەرنج: جگە لەم پاشگرانەی سەرەوە پاشگری دیکەمان زۆرن وەك :(tk,nl,ca,se,htm,ws,sa,co,uk.........) كە تاڕادەیەك وەك سەب پاشگر بەکاردین و،هەندێك جاریش جێگەی پاشگر دەگرنەوە و،لە جیاتییان دادەنرێن .

سەرنجـــــ2ــــــ:

هەندێك جار جگەلە پاشگر سەب پاشگرێکی دیکەی دەبێت کە بەشێوەیەکی گشتی ئامارژەیە بۆ ئەو وڵاتەی خاوەنی سایتەکەیە،جاسایتەکە حکومی بێت یان ئەهلی و،کۆمپانیاکان ،یان کەسی بۆ نمونە هەندێك ماڵپەڕی سعودی سەب پاشگری saدادەنێت ،وە سایتە بەریتانییەکان ukدادەنێن وەهەروەها........

5و6– دووای ئەو پێکهاتانە دوو بەشی دیکەشمان هەیە ،کە لە پێکهاتەی هەر URL یٚکدا بەشداردەبن ،کە ئەوانیش (Directory)و (Document)

# خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێت

بێگومان ژمارەی خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێت زۆر زۆرە و،ڕۆژ بەڕۆژیش بەرەو زیادبوون دەچێت و،ولێرەدا ناتوانین ئاماژە بەهەموویان بکەین، وەڵێ هەوڵدەدەین لەچەند خاڵێکدا زۆر بەکورتی ئاماژە بە باوترین و،گرنگترینیان بکەین ،بەم شێوەیە:

E-Mail–1:پۆستی ئەلەکترۆنی یەکێکە لە خزمەتگوزارییە پێشکەوت و،سەرەتاییەکانی ئینتەرنێت ،کە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی نامەو،پەیامەکان بەکاردەهێنرێت لە نێوان کەسەکانداو،لە شوێنە جیاوازەکاندا.

وەکو :( جیمەیڵ – یاهوو – تەهران داتا – نەسیج – ماکتوب – .............)

News Group–2:گروپی هەواڵی ، یان هەواڵدەری ئینتەرنێتی یەکێکی دیکەیە لە خزمەت گوزارییە دیارو،ئاشکراکانی جیهانی ئینتەرنێت.

Commerce–3:بازرگانی و، ریکلام و،کالاً و، پێویستییەکانی ژیان و،کڕین و،فرۆشتن و،دۆزینەوەی کارو .....،لە خۆ دەگرێت.

open university–4:زانستگە (زانکۆ)کراوەکان و،خوێندن لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە لە هەموو بوارە جیاوازەکانی خوێندن دا بێجیاوازی ،دیارە بەلەبەر چاوگرتنی ڕێوشوێنی تایبەتی و،دابینکردنی پێداویستییەکانی خوێندن بە کۆلێژە زیندووەکانیشەوە ،کە هەنوکە بۆ ئەم مەبەستە لە ئامریکا Internet 2 Group پێکهاتووە بۆ کردنەوەی نوێترین و،باشترین تاقیگە ،کە بە تاقیگەی گریمانەی دەناسرێت بۆ

**کۆلێژەکانی پزیشکی و،ئەو کۆلێژانەی دیکە ،کە زۆر پێویستیان بە تاقیگە هەیە ،ئێمە لەم ئینسایکلۆ پیدیایەدا هەوڵدەدەین ئاماژە بە چمارەیەکی باش و،بەرچاوی زانستگە (زانکۆ)ئینتەرنێتییەکان بدەین لە بەشێکی تایبەتی دا ،بەو هیوایەی لە چاپەکانی ئایندەدا زیاتر لەسەر هەر بەشێك بدووێین.**

Search–5:**گەڕان بە دووای زانیاریدا،ئەم بەشە زۆر گرنگەو،سودی زۆری هەیە.ئەگەر چی زۆربەی زانیارییە زۆر پوختە کراوەکان و،گرنگەکان بەهۆی کارتەوە دەست دەکەون،وەڵێ هێشتا بەشی ئێمەی کوردی بێ کریدیت کارتی تیاماوە.**

**وەکو** (**ئەڵتا ڤیستا – مای سیرچ – مای وەی و**................)

Education–6:**یەکێکە لە خزمەتگوزارییە گرنگ و،پڕبایەخەکان ،کە بواری فێرکاری و،زانست بەخشینە بە زانست خواز.**

Chat–7:**گفتوگۆ کردن بە شێوەی دەنگی و،نووسین.**

Radio & TV.–8:**ڕادیۆ و، تەلەفزیۆنییە ئینتەرنێتییەکان،یان ڕادیۆ و،تەلەفزیۆنە ئاساییەکان لە ئینتەرنێتدا.**

Newspaper & Magazine–9:**ڕۆژنامە و،گۆڤار و،بلاۆکراوە ئەلەکترۆنییەکان.**

ETC......–10:**زۆرشتی دیکە کەناکرێت هەموویان باس بکەین،ئەگەرچی هەوڵدەدەین لە ئایندەدا زیاتر گرنگی بدەین بەم بووارە.وەڵێ تۆ وەك بەکارهێنەرێکی ئینتەرنێت بە گوێرەی قاڵبوونەوەت لە ئینتەرنێت دا و،بە پێی پێویستی کارەکەت ئاشنا دەبیت بە خزمەت گوزارییەکانی دیکە.**

# بەشی دووەم

## فێربوونی بەکارهێنانی بەرنامەی ئینتەرنێت ئێکسپلۆرەر

## Using Internet Explorer


# کردنەوەی بەرنامەکە

**بۆ کارپێکردنی بەرنامەی ئینتەرنێت ئێکسپلۆرەر Internet Explorer دەتوانین چەند ڕێگەیەکی جیاواز بەکاربهێنین ،کە جیاوازییان نییە و،بەهەموویان دەتوانین بەرنامەکە بکەینەوە،وەڵێ بەنمونەوە هەموویان ڕوون دەکەینەوە ،بۆ ئەوەی تۆی بەکارهێنەر هەموو ڕێگەکان بزانیت:**

## ڕێگەی یەکەم:

**لە ڕێگەی کلیك کرن لەسەر دووگمەی دەستپێکردن Start ی سەر تاسك باڕ Task Bar،کە بەهۆیەوە لیستی تاسکمان بۆ دەکرێتەوە و،پاشان سەهمە ماوسەکە دەبەینەسەر بەشی هەموو بەرنامەکان All Program و،کلیکی لەسەر دەکەین ،کە بەهۆیەوە لیستێکی تر دەکرێتەوە و،لەو لیستە نوێیەدا سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر بەرنامەی ئینتەرنێت ئێکسپلۆرەر و،کلیکی لەسەر دەکەین ،و دەبینین بەم شێوەیە بەرنامە دەکرێتەوە:**

وێنەی 1




وێنەی 2



ڕێگەی دووەم:

ڕێگەی دووەم بە دوو شێوەی جیاواز ئەنجام دەدرێت ،کە هیچ جیاوازییەکیان نییە ،بەڵام پێمباشە تۆی فێرخواز هەموو ڕێگەو،شێوەکان بزانیت ،پاشان کام ڕێگەو شێوەیەت هەڵبژارد بۆ کاری ڕۆژانەی خۆت بەئارەزووی خۆت:

شێوەی یەکەم:

دووانە کلیك (دەبڵ کلیك – Double Click) لەسەر کورتکراوەی بەرنامەکە Shortcutبکە ، کە دەکەوێتە سەر ڕووی شاشەکە Desktop دەبینیت بەم شێوەیە بەرنامە دەکرێتەوە:



وێنەی 2




شێوەی دووەم:

کلیکی ڕاست – Right Click لە سەر کورتکراوەی بەرنامەکە Shortcutبکە،کە دەکەوێتە سەر ڕووی شاشەکە Desktop و،پاشان کلیك لەسەر فەرمانی کردنەوە Openبکە ، لەو لیستەدا ،کە بەهۆی کلیکی ڕاستەوە بۆت کرایەوە ،بەم شێوەیە:




## سەرنج:


ئەگەر کورتکراوەی بەرنامەکەمان نەبوو Shortcut لە سەر رووی شاشەکە Desktopئەوا ناتوانین رێگەی دووەم بە هەردوو شێوەکەیەوە جێبەجێبکەین ،بۆ یە لەم کاتەدا بۆ جێبەجێکردنی رێگەی دووەم دەبێت کورتکراوەی بەرنامەکە دروست بکەین بەم شێوەیە:

## شێوەی یەکەم:

کلیك لە سەر دووگمەی دەستپێکردن Startبکە ،پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر بە شی هەموو بەرنامەکان All program و،دوواتر سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر ئینتەرنێت ئێکسپلۆرەر Internet Explorer




2-کلیکی ڕاستی لەسەر بکەو،پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر Create shortو کلیکی لەسەر بکە ، لەو لیستە نوێ یەدا کەبەهۆی کلیکی ڕاستەوە کرایەوە:




3-دەبینیت شۆرتکەتێکت بۆ دروست دەبێت و،لەکۆتای لیستی دەستپێکردنداStart Menuو،دتوانین بەهۆی درەگ و درۆپەوە Drag & dropبیگوێزینەوە بۆسەر شاشەکە.

یان دەتوانین لە جیاتی ئەوەی کليك سەر Create Shortcut بکەین ،بچینەسەر فەرمانی Send to و،پاشان سەهمی ماوسەکە ببەینەسەر Desktop (create shortcut) و ،کلیکی لەسەر بکە:




## شێوەی دووەم:

لەسەر شوێنێکی چۆڵی سەر ڕووی شاشەکە Desktop کلیکی ڕاست بکە:





مەبەست لە شوێنی چۆڵ ئەوەیە کە ئەو شوێنەی کلیکی ڕاستی لەسەر دەکەیت ،هیچ ئایکۆنێکی لەژێرەوە نەبێت. چونکە لەوکاتەدا لیستی تایبەت بەو ئایکۆنە دەکرێتەوە بەهۆی کلیکی ڕاستەکەوە.


پاشان کلیك لەسەر Propertiesبکە،لە لیستە بچوکەکەی بۆت کراوەو،بەهۆیەوە ئەم شێوەیە دەکرێتەوە:



لەبەشەکانی سەرەوەی ئەو پەنجەرەیەی بۆتکراوەتەوە،کلیك لەسەر Desk top بکە:





دوواتر لەبەشی خوارەوەی پەنجەرەی دیسك تۆپ دا کلیك لەسەر customize desktop بکە




دەبنین ئەو دایەلۆگ بۆکسەمان بۆ دەکرێتەوە:



کلیك لەناو چوارگۆشە بچوکەکانی بەردەم My Document وMy Computer و My Network place وInternet Explorer بکە و،پاشان کلیك لەسەر ok بکە:





جارێکی تریش کلیك لەسەر Ok بکە.

## سێهەم:


دەتوانین بەهۆی فەرمانی ...Runی لیستی دەستپێکردنەوە Start Menuبەرنامەی ئینتەرنێت ئیکسپلۆرەر بکەینەوە و،چالاکی بکەین بۆ سەر شاشەکە و،کارەکەمان پێبکەین،ئەویش بەکلیك کردن لەسەر دووگمەی دەستپێکردن Start و ،پاشان سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر فەرمانی Run و،کلیکی لەسەر دەکەین:



لەناو لاکێشە بچوکەکەی بەردەم Openناونیشانی ئەو ماڵپەڕەدەنووسین کەدەمانەوێت بیکاتەوە ،بۆنمونە ئێمە ماڵپەڕی kinghussein.gov.joمان نووسیوە:




دوواتر کلیك لەسەر okبکە ،یان پەنجە بنێ بە دووگمەی Enter ی سەرکیبۆردەکەدا،بەمەش ماڵپەڕەکە دەکرێتەوە لەناو ئەو بەرنامە بگەڕەی لەناو کۆمپیوتەرەکەماندایە:



ڕوونکردنەوە:جیاوازی نێوان ڕێگەی سێهەم لەگەڵ هەردوو ڕێگەکەی تردا لەوەدایە ،کە لەگەڵ کرانەوەی بەرنامەی بگەڕی Bowserکۆمپیتەرەکەت ،ئەوا ئەو ماڵپەڕەشت بۆ دەکرێتەوە کە خۆت نووسیوتە بەپێچەوانەوە ئەو ماڵپەڕە دەکرێتەوە کە لەبەشی Internet option دا دانراوە لە لایەن بەکارهێنەری ئەو هێڵی ئینتەرنێتەوە.

# پێکهاتەی بەرنامەی ئینتەرنێت ئێکسپلۆرەر

## Internet Explorer

دوای ئەوەی بەهۆی یەکێك لەسێ ڕێگەیەی لەپێشەوە باسمانکرد ،بەرنامەکەمان کردەوە و،چالاك بوو هاتە سەرشاشەکە ،دەبینین کەلە چەند بەشێك پێکهاتووە و،پێویستە تۆی فێرخواز بە وردی لێتێبگەیت بۆیە لەسەرەتادا بەوێنەیەك ڕوونی دەمەوەو،دوواتریش بەوردی باسی هەربەشێکیان دەکەم:



## یەکەم:شریتی ناونیشان – Title bar:

لەم شریتەدا،کە یەکەمین بەشی پێکهاتەی بەرنامەکەیە،لەلای چەپیدا لۆگۆی بەرنامەکەو،ناوی بەرنامەکەو،ناوی ئەوماڵپەڕەی کردوتەتەوەهەیە:





وەلەلای ڕاستی ئەم شریتەدا سێ دووگمەهەیە،کەهەریەکەو فەرمانێکی سەربەخۆیان هەیە بەم شێوەیە:


*Close:داخستن:ئەم دووگمەیە بەکاردێت بۆ داخستنی بەرنامەکە،کە هاوکات بەهۆی Alt+f4یشەوە هەمان کاربەئەنجامدەگات.

*Maximize/Restore:بەکاردێت بۆ بچوککردنەوەی بەرنامەکەو،گەورەکردنەوەی ئەو بچوککردنەوەیە،بەڵام لە سنوری شاشەکەدا.

*minimize:بەکاردێت بۆ بچوککردنەوەی بەرنامەکە بۆ شێوەی دووگمەیەك بۆ سەر تاسك باڕ Task Bar.



ئەم وێنەیەی خوارەوە شریتی ناونیشان Title Bar ڕووندەکاتەوە:



## دووەم:شریتی لیستەکان–Menu Bar:

لەم بەشەدا چەند فەرمانێك هەیە،كە بە كلیك كردن لەسەر هەر دووگمەیەكیان لیستێك دەكرێتەوە،كە دوواتر باسیان دەكەین ،هەر لەبەر ئەم هۆیەشە پێی دەوترێت شریتی لیستەكان،لەم بەشەدا ئەم لیستانە هەیە: (File-Edit-View-Favorite-Tools-Help):





## سێهەم:شریتی ئامرازەكان–Tool Bars:

لەم شریتەدا كۆمەلێك دووگمەهەیەكەهاوكات لەلیستەكانیشدا هەن و،كارئاسانیمان بۆ دەكەن و،هەمیشە لەبەردەستدان و،لە دوواتردا باشیان دەكەین:




## چوارەم:شریتی ناونیشانی ئامرازەكان–Address bar:

لەناو لاكێشە بچوكەكەی Address barدا ناونیشانی ئەو ماڵپەرە دەنوسین ،كە دەمانەوێت بیكەینەوەو،پاشان كلیك لەسەر Goدەكەین كە دەكەوێتە كۆتایی شریتەكەوە ،یان پەنجە دەنێین بە دووگمەی Enter ی سەر رووی كیبۆردەكەدا :



**سەرنج:**

**1–ئەو ماڵپەڕانەی WWWدەستپێدەکات و،بە com. کۆتاییان دێت دەتوانین تەنها ناوی ماڵپەڕەکە لەناو خانەی Address barدا بنوسین بۆنموونە yahooو،پاشان پەنجەبنێین بەهەردوو دووگمەی (cntrl+enter)ی سەر ڕووی کیبۆردەکەدا بۆ کردنەوەیان واتە خۆی پێشگری WWWو پاشگری com. مان بۆ دەنوسێت و،بۆشمان دەکاتەوە.**

**2–لەو شوێنانەی ماڵپەڕەکاندا ، کە سەهمی ماوسەکە دەگۆڕێت بۆ شێوەی دەستێك ،یان شێوەی دی کە جیاوازبێت لە شێوەی ئاسای ،یان شێوەی سەهم بەلاّم ئەو شوێنە دیاربێت کە دووگمەیە ،مانای وایە ئەو شوێنە لینك کراوەو،گرێدراوە بە شوێن و،بابەت و،شتی ترەوە ،و بەکلیك کردن لەسەری چالاك دەبێت و،دەتوانین زانیارییەکانی ببینین و،بیخوێنینەوە.**

**3–بەشێوەیەکی باو ئەو وشە یان دەستەواژەو،ڕستانەی گرێدراون بە بابەت و،نوسینی ترەوە بە ڕەنگی شین دەنوسرێن و،هێڵیشیان بە ژێردا دەهێنرێت.**

**4–پێویستە خوێنەر ئەوەی لاڕوونبێت ،کە بەهۆی بەربلاّوی و،گەشەی ناسروشتی دونیای تەکنەلۆژیاوە زۆرێك لەو شێوەو مەرجانەی کە دەویسترا بکرێتە یاسایەکی جیهانی کارکردن گۆڕانیان بەسەرهاتووە،بەلاّم بەڕێژەیەکی کەم ،بە تایبەت بەهۆی ئەو کەسانەوە کە لە بواری تەکنیکیدا پرۆفیشناڵ نین.**

**پێنجەم:شریتی هاتوچۆپێکردن**–Scroll bar:

ئەم بەشە بۆ گواستنەوەو،هاتوچۆپێکردن بەکاردێت لەنێوان پێکهاتە لاپەڕەکاندا جالەباری ئاسۆی بێت یان شاوڵی.




شریتی هاتوچۆپێکردن

بەمزووانە ...چاوەڕوانبن
فۆتۆشۆپی 11
120 وانەی فۆتۆشۆپ
مایکرۆسۆفت وۆرد 2003–2010
07701515582


**شەشەم : ناوچەی پیشاندانی ماڵپەڕ:**

لەم ناوچەیەدا ماڵپەڕی کراوەو،چالاك دەبینیت و،بەهۆیەوە سەیری بەشەکانی دەکەیت وەکو لە ماڵپەڕەکەی خاتوو چۆپی فەتاح دا دەبینن:





**حەوتەم:شریتی زانیارییەکان**–Status bar:

**دووایین بەشی بەرنامەی ئینتەنێت ئیکسپلۆرەرە** Internet Explorer **و،بەهۆیەوە دەتوانین هەندێك زانیاریمان پیشان بدرێت کە بەگوێرەی ماڵپەڕە جیاوازەکان ئەمیش دەگۆڕێت:**




# شریتی ئامرازەکانی بەرنامەی ئینتەنێت ئێکسپلۆرەر

Internet explorer tool bars





یەکەم:Back–بۆ دوواوە:

**ئەم دوو گمەیە بۆ مەبەستی گێڕانەوەی باری هەنووکە ماڵپەڕێك بەکاردەهێنرێت بۆ باری پێشتری**





**بۆنمونە:**

1–ماڵپەڕی یاهوو بکەرەوە.www.yahoo.com




2-كليك لەسەر بەشی مەیلٚ،یان هەربەشێكی دیكە بكە.





3-ئێستا بە كليك كردن لەسەر دووگمەی باك back لە خاڵی دووەوە كە باری هەنوكەی ماڵپەڕەكەیە دەگەڕێینەوە بەخاڵی یەكەم كە باری پێشتری ماڵپەڕەكەیە........بۆ زیاتر تێگەیشتن بەوردی لە وێنەكان وردببەرەوەو،تاقیشی بكەرەوە لەسەر نمونەی تر.

دووەم: foreword- بۆ دوواوە:

ئەگەر لەبارێكەوە گەڕابینەوە دواوە بۆ بارێكی پێشتر ئەوا بەهۆی ئەم دووگمەیەوە دەتوانین بچینەوە بۆ بارەكەی پێشتر:





بۆ نمونە دەتوانین کردارەکەی پێشووبەهۆی کلیك کردن لەسەر ئەم دووگمەیە پێچەوانە بکەینەوە لە ماڵپەڕی سەرەکی یاهووەوە بچینەوە بۆ بەشی ئیمەیڵ:




سێهەم:Stop–وەستاندن:


بەکلیك کردن لەسەر ئەم دووگمەیە فەرمانی وەستاندن بەئەنجامدەگات و،ئەو ماڵپەڕەی بڕیارە بکرێتەوە ناکرێتەوە و،دەوەستێت:







چوارەم:refresh–دووبارەهەوڵدان :


بەکلیک کردن لەسەر ئەم دووگمەیە دووبارە بەرنامەی ئینتەنێت ئێکسپلۆرە و،تۆڕی ئینتەنێت دەست دەکاتەوە بەهەوڵدانێکی دیکە بۆ کردنەوەی ئەولاپەڕەیەی بۆمان نەکراوەتەوە:



پێنجەم:Home– ماڵەوە:

بەکلیککردن لەسەر ئەم دووگمەیە بەرنامەکە لەو ماڵپەڕەوەی کە ئێستاچالاکەو،کراوەیە ،دەگۆڕێت بۆ ئەو ماڵپەڕەی کە خاوەن سەنتەر ،یان خۆمان دەمانەوێت و،لەبەشی Internet Optionدا دامانناوە تا لەگەڵ کردنەوەی بەرنامەی ئینتەرنێت ئێکسپلۆرەردا ئەو ماڵپەڕەمان بۆ بکرێتەوە:






شەشەم:Search– گەڕان:

بە كليك كردن لەسەر ئەم دووگمەيە خزمەتگوزاری ئامرازی گەڕانی بەرنامەكەت بۆ دەستەبەر دەبێت و،دەتوانيت بەهۆيەوە بەدووای زانياريدا بگەڕێييت.




حەوتەم:Favorites–هيوايەت,حەز:

بەكليكردن لەسەر ئەم دووگمەيە بەشی هيوايەت لای چەپی بەرنامەكە دەكرێتەوە،كە ئەو ماڵپەڕانەی تيادايە كە خۆمان حەزمان لێيەتی و،لێرەدا داماناوە(دوواتر باسی دانانەكەی دەكەين) و،بەيەك كليك لەسەريان دەكرێنەوە،كە هەرئەمەش سودەكەيانە:




**هەشتەم:** media–میدیا:

**بەكلیككردن لەسەر ئەم دووگمەیە بەشی میدیا لەلای چەپی بەرنامەكە دەكرێتەوە ،كەدەتوانرێت بۆ بواری میدیا سودی لێوەربگیرێت ،بە مۆزیك و،گۆرانیو،ڤیدیۆ و،بەشی دیكەوە.**

**نۆهەم:**History–مێژووبەرواری كاركردن:

**بە كلیككردن لەسەر ئەم دووگمەیە بەشی تایبەت بەبەرواری كاردن و،ناوی ئەوماڵپەڕانەی كراونەتەوە لای چوپی بەنامەكە دەكرێتەوەو،بەهۆیەوە بەروای كاركردن و،ناوی ماڵپەڕەكانیش دەزانینن:**



**دەهەم:**Mail–ئیمەیلْ:

**بە كلیككردن لەسەر ئەم دووگمەیە بەرنامەی تایبەت بەئیمەیلْ دەكرێتەوە ،كە بەرنامەی ئاوتلوكئیسپرێسە:**




یانزەهەم:Print–پرێنت:

بەکلیککردن لەسەر ئەم دووگمەیە بەشی تایبەت بە چاپکردن دەکرێتەوە.

دووانزەهەم:Edit with.....–ئیدیت:

بەکاردێت بۆ رێك و پێككردن و،رێكخستنی ماڵپەرێك لەگەڵ یەكێك لەبەنامەکانی وەك ۆردیان........




سیانزەهەم:Search–گەڕان:

بە کلیککردن لەسەرئەم بەشە بەشی گەڕان دەکرێتەوە کە دەتوانین بەهۆیەوە بگەڕێین بەشوێن هەرزانیارییەکدا کە بمانەوێت :




# شریتی لیستەکانی بەرنامەی ئینتەرنێت ئێکسپلۆرەر

## Menu Bar

## یەکەم:فایل–File

1–کردنەوەی پەنجەرەیەکی نویٚ:

بۆ کردنەوەی پەنجەرەیەکی نویٚ ی بەرنامەی ئینتەرنێت ئێکسپلۆرەر سەرتا کلیك لەسەر فایل بکەو،پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر newو،پاشان سەهمەکە ببەرەسەر windowsو کلیکی لەسەر بکە،یان ڕاستەوخۆ پەنجە بنیٚ بە دووگمەکانی ctrl+n ی سەر کیبۆردەکەدا:





2–کردنەوە–open:


ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ کردنەوەیماڵپەڕ،یان.....ئەویش بەکلیککردن لەسەر فایل و،پاشان کلیککردن لەسەر openودوواتر نوسینی ناونیشانی ماڵپەڕەکە یان........لەپەنجەرەی کردنەوەدا و دوواتر کلیك کردن لەسەر okوەك لە وێنەکەدا دیارە:




Edit-3–ئیدیت:


کلیك لەسەر ئەم دووگمەیەبکە و،پاشان بەرنامەیەك هەڵبژێرەو چاوەڕێبکە تا ماڵپەڕەکەت بۆ دەکاتەوە و،دوواتریش دەچێتە ناو بەرنامەکە وەکو لەم دوو وێنەیەدا ڕوونکراوەتەوە:







4-Saveو Save As-خەزنکردن:

یەکلیککردن لە سەر ئەم دووگمەیەی لیستی فایل دایەلۆگ بۆ کسی Saveدەکرێتەوە و،لەبەشی save in دا ئەو شوێنە دیاریدەکەین کەدەمانەوێت تیاخەزن بکەین و،پاشان کلیك لەسەر saveدەکەین:




5-Page setup-ڕێکخستنی پەڕە:

بە كليك كردن لەسەر ئەم فەرمانە دايەلۆگ بۆ كسی تايبەت بەڕێكخستنی پەڕەدەكرێتەوە،لەبەشی sizeدا حەجم و،لە بەشی sourceدا سەرچاوەو،لەبەشی heard & footerدا سەروو خوارو،دوواتر جۆری پەڕە پانی landscapeبيت يان ،درێژی Portraitبيت و، دوواتر لاىڕاست و،چەپ و،سەرو،خوارو،لەكۆتايدا okدەكەين.بڕوانە وێنەكە:





6-Print-چاپكردن:

بەكليككردن لەسەرئەم دووگمەيە ،دايەلۆگ بۆكسی چاپكردن دەكرێتەوە ،كە لەبەشی select printerدا جۆری پرنتەرەكە هەڵدەبژێرين و،لەبەشی page rangeدا ماوەی چاپەكە هەڵبژێرە كە ئايا هەمووAllچاپدەكەيت،يان لاپەڕە دياری دەكەيتPages،وە لەبەشی number of copiesدا دياری بكە،كە چەند دانەت بۆ چاپبكات.وە لە كۆتايدا كليك لەسەر Printبكە.




7–Print preview–پیشاندان پێشچاپکردن:

**بەكلیك كردن لەسەر ئەم دووگمەیە ئەو بابەت و،ماڵپەڕەمان پیشان دەدرێت كە دەمانەوێت چاپی بكەین و،بەهۆیەوە ژمارەی لاپەڕەكان دەزانینن و،هەندێك گۆڕان و،هەڵبژاردنی دیكە:**




8–send to–ناردن بۆ:

**ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ ناردنی ئەو ماڵپەڕەی کراوەتەوەو،چالاکە بۆ یەکێك لەو بەشانەی کە پەیوەستە بەم دووگمەیە و،فەرمانەوە:**




9–import & export– هێنان وناردن:

**ئەم فەرمانە پەیوەندی بەهێنان و،ناردنی شتەوەهەیەو،بەکارهێنانی زۆر گرنگ نییە.**



10–properties–تایبەتمەندی:


بەکاردێت بۆزانینی تایبەت مەندی ئەو ماڵپەڕەی کراوەتەوە.

11–work offline:

بەکاردێت بۆ کارپێکرن و،خوێندنەوە و،بینینی زانیاری و،پێکهاتەکانی ناو ماڵپەڕێك ئەگەر هێڵی ئینتەرنێتیش نەبێت.

12–close:

بەکاردێت بۆ داخستنەوەی بەرنامەی ئینتەرنێت ئێکسپلۆرەر.




**کتێبی**

**ڤیدیۆ**

**بۆ مۆنتاژ و دروستکردنی ئەلبووم و وێنەی جوڵاو و گۆڕینی فایلە ڤیدیۆیی و دەنگییەکان و..... .چاوەڕوانبن**

# دووەم:لیستی Edit

یەکەم:بڕین–Cut:

ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ بڕینی بەشێکی دیاری کراو(Select)ی ماڵپەڕێك ،جانووسین بێت ،یان وێنە،یان هەر شتێکی تر.

دووەم:لەبەر گرتنەوە–Copy:

بەکاردێت بۆ لەبەر گرتنەوەی بە شێکی دیاری کراو،جا وێنە بێت یان نووسین و،دەق،یان............ .




سێیەم:دانانەوە(لکاندن)–Paste:


بە کاردێت بۆ دانانەوەو،لکاندنی بەشێکی کۆپی کراو،یان بڕدراو.

چوارەم:دیاری کردنی هەموو–Select All:

## بەکاردێت بۆ دیاری کردنی هەموو پێکهاتەکانی لاپەڕەی چالاکی


**سەرشاشەکە:** **بڕوانە وێنەکان**



پێنجەم:دۆزینەوە–Find:

**بەکلیك کردن لەسەر ئەم دووگمەیە دایەلۆگبۆکسی تایبەت بە دۆزینەوە بەکاردێت و،ئێمە لێدا بەکارمان هێناوە بۆ دۆزینەوە وشەی (تقدم)وەك لەوێنەکەدا دیارە:**



**لە ئایندەدا ئەم بەرهەمانەتان دەکەوێتە بەردەست:**

**فێربوونی کۆمپیوتەر**

**ڤیدیۆ گەلەری**

**فۆتۆشۆپ 7 و 8 و 9و 10**

**فەرهەنگی وێنەیی لۆنگمان و... فەرهەنگی وێنە**

**ئینگلیزی بۆ فێرخوازانی کورد لەگەڵ زۆرك عەلی دا نوسراوە.**

# لیستیView

یەکەم:Tool bars–تولبارِ:

کاتێك سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر ئەم بەشە لیستێکی بچوك دەکرێتەوە کەلەچەند بەشێك پێکهاتووە،بەکلیك کردن لەسەریان دێنە سەرشاشەکەو،بە دووبارە کلیك کردنەوە لادەچنەوە.وەهەروەها دەتوانین بە کلیك کردن لەسەر lock toolbarsتولبارەکە لۆکبکەن وە،بە پێچەوانەوە ،وەبەهۆی Customizeوە دووگەو پێکهاتەکانی tool barزیادو کەم بکەین و،گۆڕانی تیابکەین:



دووەم:Status Bar–شریتی زانیارییەکان:

بە کلیککردن لەسەر ئەم دووگمەیە شریتی زانیارییەکان دێتە سەرشاشەکەو،دەبێتە پێکهاتەی کۆتایی شاشەی بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئینتەرنێت ئێکسپلۆرەو،بە دووبارە کلیك کردنەوە لەسەر هێمای ڕاست (سەح)لەبەردەمیدا لادەچێت و،لەسەر شاشەکە نامێنێت .





سێهەم:Explorer Bar–شریتی ئێکسپلۆرەر:

کاتێك سەهمی ماوسەکە دەبەیتە سەر ئەم بەشە لیستێکی بچوك دەکرێتەوە کە پێشتر باسی کارکردنیان کراوە و،بەپێویستی نازانم دووبارە بیبێتەوە:





چوارەم:GO TO-گۆتو:

ئەم بەشەش لە پێشتردا باسی فەرمانەکانیمان کردووە، دووبارە کردنەوەی گرنگ نییە:




پێنجەم:Stop–ستۆپ:

بە كلیك كردن لەسەر ئەم دووگمەیە ئەو بەشە،یان ماڵپەڕەی خەریكە دەكرێتەوە ناكرێتەوە و،دەوەستێت، و كارەكە بەردەوام نابێت و،ناچالاك دەبێت:





شەشەم:refresh–ڕیفرێش:

بە كلیك كردن لەسەر دووگمەیە ئەو ماڵپەڕە یان لاپەڕەیەی نەكرایەوە دووبارە هەوڵدەدرێت بكرێتەوە:



حەوتەم:Text Size–حەجمی دەق:

بەکلیککردن لەسەری لیستێکی بچوکدەکرێتەوە کە پەیوەستە بە پیشاندانی حەجمی فۆنت ،ئایا بچوك بێت Smallیان گەورەlargeیان ناوەند mediumبیت،یان گەورەتر و،بچوکتر:




# چاوەڕوانی ئەم بەرهەمانەبن

1–تۆڕەکانی کۆمپیوتەر Computer Networks

2–بەرنامەسازی و پێکهاتەکانی داتا بە زمانی جاڤا

3–پارچەکانی کۆمپیوتەر

4–بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان

Using Information Technology

هەشتەم:Encoding–ئینکۆدین:

دەتوانین سود لەم بەشە وەرگرین بۆ هەندێ بواری تایبەتی وەکو زاراوە و،زمانی پیشاندان و،بینین و،خوێندنەوەی بابەت،یان دیاری کردنی ئاراستەی دۆکیومێنت،یان.........  .




نۆهەم:Source–سەرچاوە:

بەکلیککردن لەسەرئەم دووگمەیە لەهەندێك باردا کۆدەکانی ئەو ماڵەرەی پێدروستکراوە دەبینرێت و،پیشان دەدرێت :



یانزەهەم:Full screen–پراو پری شاشە:


بەکلیك کردن لەسەر ئەم دووگمەیە ماڵپەری چالاك بەشێوەی پراو پری سەر شاشەکە دەردەکەوێت و،بەکلیك کردن لەسەر Maximize/restoreئاسای دەبێتەوە:




# لیستی Favorite

یەکەم:Add to favorite–زیادکردن بۆ بەشی هیوایەت:

دتوانیت بەکلیك کردن لەسەرئەم دوو گمەیە ئەو ماڵپەڕەی هەتە بیخەیتەسەر لیستی هیوایەت بۆ ئەوە بەیەك لیك بیکەیتەوە :





دووای ئەوەی کلیکت لەسەر Add to favoriteکرد ئەم دایەلۆگ بۆ کسەی خوارەوەت بۆ دەکرێتەوە و،لەخانەی nameدا ناوێك بۆ ماڵپەڕەکە بنوسەو، ok بکە:




سەرنج:

لە دایەلۆگ بۆکسەکەی پێشوودا، دەتوانیت کلیك لەسەر Create inبکەیت بۆ دیاری کردنی شوێنی دانانی ماڵپەڕەکە، کە ئایا لە لیستی هیوایەتدا بێت، یان لە بەشی لینكlinkدا:




دووەم:organize to favorite–ڕێکخستنی بەشی هیوایەت:

بە کلیك کردن لەسەر ئەم دووگمەیە دایەلۆگ بۆ کسێك دەکرێتەوە کەدەتوانین بەهۆیەوە چەند کارێك لەسەر ڕێکخستنی بەشی هیوایەت ئەنجامبدەین،وەکو سرینەوەی بەشێك Delete، یان ناوگۆڕین وناونانەوەی Rename،یان دروستکردنی فولدەر Create folderیانگواستنەوە بۆ ناو فولدەر Move to folder،بڕوانە هەردوو وێنەکەی خوارەوە، لەکۆتایشدا بۆ داخستنەوەی دایەلۆگ بۆ کسەکە کلیك لەسەر Closeبکە:




Create folder:بۆ دروستکردنی فۆڵدەرێك بۆ بەشی هیوایەت.

Rename:بۆ ناونانەوەو گۆڕینی ناو بەکاردێت.

Move to folder:بۆ گواستنەوەی هەربەشێك بۆ ناو فەڵدەرێك بەکاردێت.

Delete:بۆ سڕینەوەی فۆڵدەر یان هەربەشێکی تری بەشی هیوایەت.


سێهەم:links–لینك:

کاتێك سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر ئەم بەشە ئەو ماڵپەڕانە دەبینین کە خۆمان لێرەدا دامانناون وەکو لەبەشی Add to favoriteدا باسمان کرد لە سەرنجەکەدا Create in:




چوارەم:بەشی کۆتای:

لەم بەشەدا هەموو ئەو ماڵپەڕانە هەیە کەلەبەشی هیوایەتدا دامانناون و،بە کلیك کردن لەسەریان دەکرێنەوە:



# لیستی Tools

لەم لیستەدا کۆمەلێك فەرمان هەیە ،وەلێ ئەوەی ئێمە لێرەدا بەگرنگی دەزانین و،باسی دەکەین فەرمانی هەڵبژاردنی ئینتەرنێت Internet optionو لەناو ئەو فەرمانەشدا باسی بەشی Generalدەکەین و،لەگەڵ ئەوەشدا بەڵێن بە خوێنەر دەدەم کە لە چاپەکانی ئایندیدا زیاتر هەموو فەرمان و،بەشەکان ڕوونبکەمەوە:

# Internet Option

لەبەشی generalی ئینتەرنێت ئۆپشندا چەند بەکارهێنان و،فەرمانێك هەیە کە بەکورتی بەم شێوەیە باسیان دەکەین:

1-لەکاتی کردنەوەی ئەم فەرمانەدا Internet optionئەو ماڵپەڕەی لە خانەی Addressدا نوسراوە ،و دیارە مانای وایە لەگەڵ کردنەوەی بەرنامەکەدا ئەو ماڵپەڕەدەکرێتەوە ،بەڵام دەتوانین ئەم بارە بگۆڕین بە کلیك کردن لەسەر دووگمەکانی ژێری Addressبەم شێوەیە:

*بە کلیککردن لەسەر use blank لاپەڕەیەکی سپی about: blankلە جێگەی ماڵپەڕەکەی پێشوو دەبێت و،لەگەڵ کردنەوەی بەرنامەکەدا ئەم لاپەڕە سپییە دەکرێتەوە.

*بە کلیککردن لەسەر Use Defaultماڵپەڕی کۆمپانیای مایکرۆ سۆفت لە خانەی Addressدا دەنرێت و،لەگەڵ کردنەوەی بەرنامەکەشدا ئەم ماڵپەڕە دەکرێتەوە.

*دەتوانین بەکلیککردن لەسەر use currentئەو ماڵپەڕەئامادەبکەین کە دەمانەوێت لەگەڵ کردنەوەی بەرنامەکەدا بکرێتەوە.


2-لەبەشی temporary internet fileدا سێدووگمە هەیە بەم شێوەیە:

*دووگمەی Setting:بۆ هەڵگرتن و،پاراستنی فایل بەکاردەبرێت.

*Delete file:بۆ سڕینەوەی فایلە زیادەکان بەکاردێت.

*دووگمەی cookies Deleteبۆ سڕینەوەی فایلەکانی کوکیزبەکاردێت.

3-لەبەشی historyدا دەتوانین کلیک لەسەر clear historyبکەین بۆ سڕینەوەی ئەو ماڵپەڕانەی پێشتر کردوومانەتەوە.



-دەتوانیت لەبەشی ڕەنگداریدا colors دا ڕەنگێك هەڵبژێریت.

-دەتوانیت لەبەشی fontدا جۆرێك فۆنت هەڵبژێریت.

-لەبەشی languageدا دەتوانیت شێوە زمانێك هەڵبژێریت.

فێربوونی کۆمپیوتەر
ویردی 2003-2010
ئێکسڵی 2003-210
ئەکسێسی 1003-210
تۆڕەکانی کۆمپیوتەر
پارچەکانی کۆمپیوتەر
فۆتۆشۆپی 11
فۆتۆشۆپی 7و8و9و10
120وانەی فۆتۆشۆپ
بەم زووانە ... چاوەڕێبن
هێمن مەلا کەریم بەرزنجی 07701515582

# بەشی سێهەم

# گەڕان


# و

# زانیاری


# لە ئینتەرنێتدا

# گەڕان لە یاهوو-دا


1- ماڵپەڕی یاهوو www.yahoo.com بکەرەوە:





2-لە بەشی گەڕاندا ئەو وشەیە بنووسە کەدەتەوێت لەبارەیەوە زانیاریت دەست بکەوێت و،بە دووایدا بگەڕێیت و،لە کۆتایدا کلیك لەسەر دووگمەی گەڕان searchبکە،ئێمە لێرەدا وشەی کورد مان نووسیوەو پاش کەمێك دەبینیت ژمارەیەکی زۆر ماڵپەڕت بۆ دەهێنیت لەو بارەیەوە ،وەکو لە وێنەکەدا دیارە:




-ئەگەر دەتەوێت بەشوێن وێنەدا بگەڕێیت لەبارەی ئەو وشەیەوە کەنووسیوتە،ئەوا لەسەرەتا کلیك لەسەر imageبکە کە دەکەوێتەسەر ئەولاکێشەی کە وشەکەی تیادەنووسیت :





پاشان پەنجەبنێ بە دووگمەی ئینتەری سەر کیبۆردەکەدا ،یان کلیك لەسەر searchبکەو،کەمێك چاوەڕێبە تا وێنەت بۆ دەهێنێ‌و بەکلیك کردن لەسەر هەر وێنەیەك دەکرێتەوە و،گەورە دەبێت و،دەتوانین خەزنی بکەین:



–ئەگەر دەتەوێت بەشوێن بابەتی ڤیدیۆیدا بگەڕێیت لەبارەی ئەو وشەیەی لە لاکێشەی گەڕاندا نووسیوتە،ئەوا سەرەتا کلیك لەسەر videoبکە،کە دەکەوێتە سەر لاکێشەی گەڕان و،دوواتر Enterبکە:




–ئەگەر دەتەوێت بەشوێن بابەتی دەنگی دا بگەڕێیت لەبارەی وشەیکی دیاری کراوە،یان بابەتێکی دیاری کراوەوە،ئەوا سەرەتا کلیك لەسەر audioبکەو،پاشان لەبەشی گەڕاندا وشە یان دەستەواژەکە بنووسەو،پەنجەبنێ بە دووگمەی ئینتەردا:



بۆ بەشەکانی تریش بەم شێوەیە:

–ئەگەر دەتەوێت بەشێوەی دایرێکتەری(ڕێپیشاندەری)بە دووای زانیاری دابگەڕێیت ،ئەوا کلیك لەسەر directoryبکەو،پاشن ئەو وشە یان دەستەواژەیە بنووسە کەدەتەوێت زانیاریت لەبارەیەوە دەست بکەوێت و،کلیك لەسەر searchبکە.

–ئەگەر دەتەوێت گەڕانەکەت لۆکاڵیٚ بێت ئەوا کلیك لەسەر local بکەو،ئەو وشە یان دەستەواژەیە بنووسە کەدەتەوێت بە شوێنیدا بگەڕێیت و،دوواتر کلیك لەسەر searchبکە.

–ئەگەر دەتەوێت بەشوێن هەواڵدا بگەڕێیت لەبارەی شتێکی دیاری کراوەوە،ئەوا دەبێت کلیك لەسەر newsبکەیت و،پاشان ئەو شتە بنووسیت و،پەنجە بنێی بە دووگمەی Enterدا لەسەر ڕووی کیبۆردەکە.

–ئەگەر دەتەوێت لەبارەی بازاڕکردنەوە بۆ شتێکی دیاری کراو بگەڕێیت،ئەوا کلیك لەسەر shoppingبکەو،پاشان دەستەواژەکە بنووسەو enterبکە.


سەرنج:

جگە لەگەڕان بەو شێوانەی سەرەوە

(web,Image,video,directory,…….)شێوەی دیکەش

هەیەو،بەکلیك کردن لەسەر وشەی moreکە لە کۆتای ئەو شێوانەی دیکەدایە کەباسکراوە ،شێوەکانی دیکەش دەردەکەوێت کەدەتوانیت تۆی بەکارهێنەر لێی سود مەندبیت.

ئەگەر دەتەوێت بەشوێن زانیاریدا بگەڕێیت لە بارەی دووشتەوە، ئەوا لە خانەی گەڕاندا هەردوو وشەکە بە هێمای + پێکەوە ببەستەرەوە و،کلیك لەسەر searchبکە:




–ئەگەر دەتەوێت بەشوێن چەند شتێکدا بگەڕێیت و،لەیەکیان دڵنیانیت،دەتوانیت تەنها سێ پیت ،یان دووانی ئەو شتە بنووسیت و ،لە دووایەوە هێمای * دابنێیت و،لەم بارەدا هەموو ئەو بوارانە دەهێنێت کەبەو سێ یان دووپیتە دەستپێبکەن،بۆ نموونە ئێمە *ku– مان ،بەکارهێناوە لەگەڵ دوو وشەی تردا:



–ئەگەر بمانەوێت بە دووای بابەتێك یان بابەتێکی دیکەدا بگەڕێین ئەوا هەردوو بابەتەکە بەوشەی orدەبەستینەوەی بەیەکەوە ،وەکو ئێمە بەشوێن وێنەی کورد یان کوردستاندا گەڕاوین:




## کردنەوەی وێنەو خەزنکردنی


دووی ئەوەی گەڕان تەواو بوو وێنەکانی هێنا ئەو وێنەیەی کە دەمانەوێت کلیکی لەسەر دەکەین و،دەبینین ئەو لینکەمان بۆ دەکاتەوەو،دەکەوێتە بەر چاومان:



ئێمە کلیکمان لەسەر وێنەی ئاڵای کوردستاندا کردووەو،لینکی تایبەت بەو بەشەمان بۆکراوەتەوە ،بڕوانە وێنە:





–بۆ ئەوەی وێنەکە بەو بچوکییە خەزن نەکەیت ،پێویستە کلیك لەسەر (view image)بکەیت، کە بەمەش وێنەکە گەورەدەبێت وەکو لە خوارەوە دیارە و،پاشان کلیکی ڕاست لەسەر وێنەکە بکە گەر دەتەوێت هەڵی بگریت و،بیپارێزیت:



-پاشان سەهمی ماوکە ببەرە سەر فەرمانی save picture asوکلیکی لەسەر بکە.بڕوانە وێنەکەی پێشوو.

*لەبەشی (save in:)دا،ئەو بەشە دیاری بکە کەدەتەوێت وێنەکەی تیا هەڵیگریت و،لەبەشی file nameیشدا ناوێك لە وێنەکەت بنێ،دەتەوێت بەچ ناوێکەوە خەزنی بکەیتو،لەبەشی save as typeیشدا،جۆری وێنەکە دیاری بکەو لەکۆتایدا کلیك لەسەر saveبکە:




کتێبی


فێربوونی کۆمپیوتەر

بەم زووانە


07701515582
hemnymela@yahoo.com

# گەورەکردنی وێنە

لە زۆر کاتدا هێمای گەورەکردنی وێنە لە واری ئەو وێنەیەدا دەردەکەوێت کەکردوومانەتەوەو،بە کلیك کردن لەسەری گەورە دەبێت و،بە دووبارە کلیك کردنەوە لەسەری بچوك دەبێتەوە بڕوانە هەردوو وێنەکە خوارەوە





دووای




سەرنج:

بۆ خزنکردن و،هەڵگرتن و،پاراستنی ئەو وێنەیەی پێشوو دەتوانیت سود لەو سێ دووگمەیە وەربگریت کە دێنە سەر وێنەکەو،دووای ئەوەی کلیکت لەسەر (Save this image) کرد ،هەنکاوەکانی دیکە وەکو هەنگاوەکانی پێشوو وان هیچ جیاوازییەکیان نییە:





هەروەها دەتوانیت فەرمانی ...save as ی لیستی fileی بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئینتەرنێت ئێکسپلۆرەر بەکار بهێنیت وەکو لەم وێنەیەی خوارەوەدا دیارە،کە لە دووای کلیك کردن لەسەر save as ...هەنگاوەکانی دیکە دووبارە دەبنەوە کە لە پێشەوە باسکرا:



# کردنەوەی لینکی ئەنجامی گەڕان:

بێگوومان دوای ئەنجامدانی گەڕان کۆمەڵێك ماڵپەڕت بۆ دەهێنێ بە شێوەی لینك و،بە کلیك کردن لەسەر هەرکامێکیان ئەو ماڵپەڕەت بۆ دەکرێتەوە وەکو،ئێمە لێرەدا ڕوونمان کردۆتەوە کە بە دووی وشەی کورد دا گەڕاوین و،دوواتر کلیکمان لەسەر لینکی کورد لاین کردووە:




–لە هەموو شێوەکانی گەڕاندا کە لەپێشەوە باسکران،ئەگەر تەماشای بەشی خوارەوەی لاپەڕەکە بکەیت،ئەوا لە هەندێك کاتدا دەبینیت زیاتر لەیەك لاپەڕە ئەنجامی گەڕانەکەتەو،بە کلیك کردن لە سەر nextدەچیتە لاپەڕەکانی دیکە:



دووای ئەوەی کلیکت لەسەر next کرد، دەبینیت لەلای چەپی لاپەڕەکەدا بەشی گەڕانەوە prev دروست دەبێت کە بەکلیك کردن لەسەری دەگەڕێیتەوە بۆ لاپەڕەی پێشتر:




سەرنج:

لە زۆربەی بارەکانی گەڕاندا(web,Images ,video,audio ,directory ,local.news, shopping,more)دا ئەو شێوەیەی سەرەوە ڕوودەدات،بە گوێرەی ئەنجامی ئەو وشە یان دەستەواژەیەی کە بە دووی دا گەڕاین ،بەڵام مەرجیش نییە هەیبێت.چونکە هەندێك جار ئەنجامی گەڕانەکە تەنها یەك لاپەڕەیە.


ئامادەین بۆ وتنەوەی وانەی تایبەت لە ماڵ و شوێنە گشتییەکان و سەنتەرەکاندا بۆ وانەکانی نەخشەسازی و تۆڕەکان و بەرنامەسازی

هێمن مەلا کەریم بەرزنجی 07701515582


# گوگڵ[٧]

گەڕان لە گوگڵ و ماڵپەڕەکانی دیکەشدا،ئاسانە و جیاوازییەکی ئەو تۆیان نییە،بۆیە تەنها کورتەیەکیان لەبارەوە باس دەکەین.چونکە لەباسی گەڕان لە یاهوو دا بەتەواوی باسی گەڕان–مان کردووە.


1–ماڵپەڕی گوگڵ www.google.comبکەرەوە،و لە خانەی گەڕاندا ئەو وشە یان دەستەواژەیە بنووسە و،جۆری گەڕانەکە دیاری بکە ،کە ئێمە شێوەی ویب web–مان هەڵبژاردووە ،لە دووی دا کلیك لەسەر Google searchبکە:




پاش کەمێك دەبینیت ،لەو بارەیەوە زانیاریت بۆ دەهێنێت:




پاشان دەتوانین کلیك لەسەر هەر لینکێك بکەین، کە دەمانەوێت بیکەینەوە ، وەکو ئێمە کلیکمان لەسەر لینکی sucidegirls کردووە ،و بەهۆیەوە ئەو ماڵپەڕەمان بۆ کراوەتەوە کەتاییبەتە بەو بووارە وەکو لە وێنەکە خوارەوەدا دیارەو،تۆش بەگوێرەی پێویستی خۆت کلیك لەسەر هەر بەشێك بکە:




# گۆڕینی زمانی بەکارهێنانی گووگڵ


1-ماڵپەڕی گووگڵ بکەرەوە.




2-کلیك لەسەر language toolبکە، کە بەهۆیەوە ئەم شێوەیەی خوارەوە دەکرێتەوە




پاشان لەبەشی خوارەوەی لاپەڕکەی کراوەتەوە ،کلیك لەسەر ئەو زمانە بکە،کە دەتەوێت ببێتە زمانی بگەڕی گووگڵ وەکو ئێمە کلیکمان لەسەر Kurdishکردووەو پاش کەمێك دەبینین ماڵپەڕی گووگڵ دەگۆڕێت بۆ ئەو زمانە:




**چاوەڕوانبن**


**بەم زووانە**

**فەرهەنگی کۆمپیوتەری ئۆکسفۆرد**

**فەرهەنگی ئایتی وێبستەر**

**سەرنج:**

**وەکو لە بگەڕی یاهووشدا باسمان کرد لە هەموو جۆرەکانی گەڕاندا و،لە بەشی خوارەوەی لاپەڕەی ئەنجامی گەڕاندا هەردوو دووگمەی بۆ پێشەوە** next**و بۆ دوواوە**previous**هەیە کە بۆ چونە پێش بۆ لاپەڕەکانی دیکەی ئەنجامی گەڕانەکەو،بۆ گەڕانەوە بۆ دوواوەش بەکاردێت:**





**سەرنج:بەهەمان شێوەی بگەڕی یاهوو دەتوانیت هێماکانی** (+و− و and/**لە نێوان دوو وشەدا،و هێمای** or**و...)بەکاربهێنیت بۆ گەڕان و،بە پێویستی نازانم دووبارەی بکەمەوە.**


# بلۆگ پەڵس

## گەڕان بە دووای ویبلاگدا

1–ماڵپەڕی بلۆگپەڵس www.blogpulse.comبکەرەوە:




2–لە ناولاکێشەکەی ژێر search the blogosphereدا.ئەو وشە یان دەستەواژەیە بنووسە کەدەتەوێت لەبارییەوە بە دوای زانیاری ادا بگەڕێیت لە بلاگدا،واتە لەئەنجامدا ویبلۆگت لەو بارەیەوە بۆ بهێنێت،و پاشان کلیك لەسەر دووگمەی Goبکە،یان پەنجە بنێ بە دووگمەی ئینتەری سەر ڕووی کیبۆردەکەدا و،کە بەهۆیەوە پاش کەمێك ویبلۆگت بۆ دەهێنێت بە گوێرەی ئەو وشەیەی لەخانەی گەڕاندا نووسیووتە:



**دەوانیت وەکو بەکارهێنەرێکی ئینتەرنێت سود لەم ماڵپەڕانەی تریش وەربگریت :**

1–بگەڕی بینگ www.msn.com

2–بگەڕی پۆدکاستس بۆ گەڕانی دەنگی www.podcasts.net

3–ئۆدیۆ www.odeo.com

4–بلینکس www.blinkx.com

5–بگەڕی ئەڵتا ڤیستا www.altavista.com

6– بگەڕی ئاسایشی یاهوو بۆ منالاْنwww.yahooligans.yahoo.com

7–بگەڕی بلۆگەر بۆ گەڕان بە دوای ویبلۆگ ادا
www.blogger.com





8–بگەڕی ئێم پی سری www.mp3.com



9- گەڕان لە ماڵپەڕی ئەینەی عەرەبی داwww.ayna.com


10-ئینسایکلۆپیدیاwww.encyclopedia.com




11-ئینکارتا www.encarta.com




17-ئۆدیۆ فایند www.audiofind.com



*www.infoseek.com*
*www.ditto.com*
*www.thebighub.com*
*www.wetacrawler.com*
*www.profusion.com*
*www.askjeeves.com*
*www.canada4all.com*
*www.refdesk.com*
*www.compuserve.com*
*www.worldpage.com*
*www.findwhat.com*
*www.exite.com*
*www.laycos.com*
*www.newsbot.com*
*www.mamma.com*
*www.about.com*
*www.anywho.com*
*www.britannica.com*
*www.newo.com*
*www.teldir.com*
*www.hotbot.com*
*www.goto.com*
*www.netguide.com*
*www.aldalil.com*
*www.looksmart.com*
*www.ask.com*

www.mysearch.com




www.dogpile.com





www.alltheweb.com



# دەستکەوتنی زانیاری بەهۆی بگەڕی Lycos –وە

1–ناوی ماڵپەڕی لایکۆس www.lycos.com لە خانەی ناونیشاندا بنووسەو کلیك لەسەر go بکە,یان پەنجەبنێ بە دووگمەی Enter دا:




دوای کلیك کردن لەسەر GO،یان پەنجەنان بە دووگمە ئینتەردا ماڵپەڕەکە دەکرێتەوە،وەك لە خوارەوە دیارە:




2–لە خانەکەی بەردەم Search دا ئەو وشە ،یان زاراوەو،دەستەواژەیە بنووسەو،پاشان لەسەرەوە دیاریبکە، کە دەتەوێت بەشوێن چیدا بگەڕێیت ،وێب یان ........... .



ئێمە لەخانەکەدا زاراوەی تویێکاری مرۆڤ Human anatomy–مان نووسیوەو،لەبەشی سەرەوە دا Image &video–مان دیاری کردووە ،لە سیێ هەڵبژاردنەکەی تەنیشت لاکێشەکەی کە Human anatomy–مان تیانووسیوە ،بە شی وێنە Image–مان کلیك کردووە هەربۆیە ،دووای ئەوەی کلیك مان لەسەر Go get itکردوێنەی بۆ هێناین لە بارەی تویێکاری مرۆڤەوە:



## سود وەرگرتن لە ماڵپەڕی هەواڵی

1–لەبەشی Address bar –دا ناونیشانی ماڵپەڕێکی هەواڵی بنوسە ،وەك www.cnn.comو،پاشان كلیك لەسەر GO بكە،یان پەنجەبنێ بە دووگمەی Enterدا:




پاش كەمێك ماڵەڕەكە دەكرێتەوە:




دەتوانیت كلیك لەسەر هەرناونیشانێك بكەیت و،بیخوێنیتەوە،یان دەتوانیت لە بەشی گەڕانەكەیدا دیاری بكەیت كە بەشوێن هەواڵی كوێدا دەگەڕێیت،وەك ئێمە بەشوێن هەواڵی عێراقدا گەڕاوین و ،تەنها لەناو ماڵپەڕی cnnیشدا گەڕاوین بڕوانە وێنەكە.



جگە لە ماڵپەڕی cnnدەتوانیت سود لە ماڵەڕی دیکەش وەربگریت وەکو:

1-www.msnbc.com

2-www.cbs.com

3-www.abc.go.com

وە بۆ دەستکەوتنی هەواڵ دەتوانیت سود لە ماڵپەڕی ڕۆژنامەو گۆڤاری هەواڵیش وەربگریت ،کە بۆ ئەم مەبەستە ئاماژە بە دوو ماڵپەڕ دەکەین:

1-www.time.com

2-www.newsweak.com

# سودوەرگرتن لە ماڵپەڕەکانی ئاوهەوا


1-لە خانەی ناونیشاندا Address barناوی ماڵپەڕێکی ئاو هەوا بنووسە (www.weather.com)و،پاشان کلیك لەسەر GOبکە،یان پەنجە بنێ بە دووگمەی ئینتەری سەر کیبۆردەکەدا:




پاش کەمێك ماڵپەڕی ئاو وەهەوا دەکرێتەوە:



لە خانەی local weather –دا ناوی ئەو شارە بنوسە کە دەتەوێت زانیاری ئاوهەواکەی بزانیت،یان زیپکۆدەکەی و، پاشان کلیك لەسەر گۆGOبکە:




دەبینیت لەو وێنەیەی سەرەوەداهیچ زانیاریمان دەست نەکەوتووە،چونکە بەهەڵە زیپکۆدی عێراقمان نووسیوەکە 00964(+964)،لە جیاتی زیپکۆدی شار ،یان ناوەکەی بۆیە ئەمجارە کردمان بەناوی بەغداد و،لەو بارییەوە زانیاری ئاوهەوای داینێ:بڕوانە وێنەکەی خوارەوە:





جگە لەم ماڵپەڕەی ئاوهەوا دەتوانیت سود لەماڵپەڕی دیکەش وەربگریت وەکو ماڵپەڕی :(www.weatherbyemail.com)وەربگریت،یان لە بەشی ئاوهەوای هەندێك ماڵپەڕی وەکو یاهوو،www.yahoo.com.

# گەڕان بۆ زانیاری پزیشکی گشتی


1–لەخانەی ناونیشان Address bar –دا ،ناوی ماڵپەڕی www.webmd.com بنووسە:





دووای نووسینی ناونیشان كلیك لەسەر GO بكە، یان پەنجە بنێ بە دووگمەی ئینتەری سەر كیبۆردەكەدا،بەمەش ماڵپەڕەكە دەكرێتەوە:




2–لەخانەی گەڕان دەستەواژە، یان ئەو وشەیە بنووسە، كە دەتەوێت بەدوای زانیاریدا بگەڕێیت لەبارەیەوە، كە ئێمە لێرەدا Insomnia – مان نووسیوە،وە دوواتر كلیك لەسەر search بكە:



پاش کەمێك دەبینیت کۆمەڵێك لینکت لەو بارەیەوە بۆ دەهێنێت،وەك لە وێنەکەدا دیارە:




بە کلیك کردن لەسەر هەرناونیشانێك ماڵپەڕی گرێدراو(لینککراو)دەکرێتەوە، وەکو ئێمە لەم نموونەیەدا کلیکمان لەسەر Great night sleepکردووە:





جگە لەو ماڵپەڕەی سەرەوە دەتوانیت سود لەچەندین ماڵپەڕی دیکەش وەربگریت وەکو:

www.health.yahoo.com
www.po.com
www.drkoop.com
www.discoveryhealth.com

# گەڕان بۆ زانیاری پزیشکی دەرمانسازی


1–لە خانەی ناونیشاندا ماڵپەڕی www.rxlist.com بنووسەو،دوواتر کلیك لەسەر go بکە،یان پەنجەبنێ بە دووگمەی ئینتەردا :




پاش کەمێك ماڵپەڕەکە دەکرێتەوە:





2–لەخانەی search for a drug nameدا ناوی ئەو دەرمانە بنووسە کە دەتەوێت بەدووای زانیاریدا بگەڕێیت لەبارەیەوە:




پاشان کلیك لەسەر go listبکە

3-پاش كەمێك لینك و،ماڵپەڕی تایبەت بەو دەرمانەت بۆ دەهێنێت:




بە كلیك كردن لەسەر هەرلینكێك دەكرێتەوە و،چالاك دەبێت.

سەرنج ـــــــــــــــ :-

جگەلەو ماڵپەڕەی سەرەوە دەتوانیت بۆ هەمان مەبەست ، سود لەم ماڵپەڕانەی دیكەش وەربگریت:

1- www.pharmacology.about.com

2- www.site.health.center.com

3-www.healthtouch.com

4-www.pharmacydrugstore.com

# مۆزیك

ئەم ماڵپەڕانە باشترین ماڵپەڕەکانی ببواری گەڕان و دەستکەوتنی زانیارین لەسەر مۆزیك و مۆزیکیش خۆی، بۆیە دەکرێت تۆی بەکارهێنەر سودی تەواوی لێوەربگریت (www.iuma.com یان musicmania.com).




# ناردنی کارت و وێنە




1-یەکێك لە ماڵپەڕەکانی تیبەت بەم بووارە بکەرەوە وەکو:

www.regards.com
www.egreetings.com
www.bluemountain.com
www.homepublishing.com
www.stuart.messagematos.com




2-کلیك لەسەر بەشێك (وێنە –کارت-..........)بکەو لەدوواتر ادا وێنەیەك هەڵبژێرە و،پاشن فۆڕمی ناردن پڕبکەرەوە و،و لە کۆتایدا کلیك لەسەر preview and customize before sendingبکەو، لە دووا‌هەنگاویشدا send ی بکە(بینێرە).


This greeting is from: omer - (omerbarznji@yahoo.com)
& is being sent to: hemn - (dr.hemn@yahoo.com)
LIGHT UP YOUR LOVE LIFE.....
BE WITH THE ONE YOU LOVE
Trouble seeing the flash movie?
slaw...

# تەکنەلۆژیای زانیارییەکان

بۆ وەرگرتنی زانیاری لەبارەی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان دەتوانیت سود لە هەزاران ماڵپەڕ وەربگریت بەڵام ئێمە لێرەدا ئاماژە بەچەند ماڵپەڕێکی زۆر گرنگ دەکەین بەو هیوایەی سودی تەواوی هەبێت بۆ ئێوەی بەکارهێنەری ئینتەرنێت:

**ماڵپەڕی**

www.dit.net




**ماڵپەڕی تایبەت بە بواری IT—مان زۆرن لەوانە**

www.kurditgroup.com
www.all4kurds.com
www.c4kurd.com
www.zkurd.org
www.pcworld.com
www.c4arab.com
www.jawalat.com
www.ecdl.com
www.kurdtech.net
www.abobadr.com
www.khayma.com/learnvb

# بەشی چوارەم


# وێبلۆگ

بێگومان دروستکردنی ویبلۆگ بۆتە دیاردەیەکی جیهانی و هەر کەسەو دەتوانێت ببێتە خاوەنی بلۆگی تایبەتی خۆی و ڕۆژانە بابەت و بەرهەمە نوسراوەکانی خۆی تێدابڵاوبکاتەوە ،بۆ ئەوەی هەموو جیهان ببینێت و بکەوێتە بەردەستی هەموو خەڵکی،ئەوەی ویبلۆگ لە ماڵپەڕ جیادەکاتەوە،وەرگرتنی شوێنێکی تایبەتە بەخۆتە لە یەکێك لە ماڵپەڕەکانی ویبلۆگ دا و ،ماڵپەڕە سەرەکییەکە هەموو شتێکی بۆ تۆ ئامادەکردووە،تۆ تەنها وەکو بەکارهێنەرێکی ئاسای بەکای دێنیت و ئەگەر شارەزایی زۆریشت نەبێت ئەوا هیچ گرفتێك نییە،ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین بە ڕوونی و بەتەواووی باسی ویبلۆگ بکەین،هەر لە دروستکردنییەوە هەتاوەکو دابەزاندنی بابەت و چاککردنی:


## بلۆگەر

www.blogger.com

1–ماڵپەڕی ( www.blogger.com)بکەرەوە:




2-كليك لەسەر دووگمەی (Create your blog now)بكە(بڕوانە وێنەكەی پێشوو)،كە بەهۆیەوە ئەم فۆڕمەی لای خوارەوە دەكرێتەوە:




لەو فۆڕمەی سەرەوەداو،لەخانەی یەكەمدا ناوی بەكاربەر ( user name)ی ویبلاگەكەت بنووسە و،لەبیرت نەچێتەوە،چونكە پێویستت پێی دەبێت ،لەخانەی passwordدا وشەی نهێنی تایبەت بە وێبلۆگەكەت بنووسە و،لەخانی دوواتردا ( retype password)دووبارەی بكەرەوە،ولەخانەی (display name)دا ناوی پیشاندانی ویبلاگەكەت بنووسەو،لەخانەی دوواتر ئیمەلی تایبەتی خۆت بنووسە.

پاشان بەهۆی سكرۆڵەكەوە وەرە خوار و،كليك لەناو چوار گۆشە بچوكەكەی بەردەم I accept terms of serviceبكە.



| | | |
|---|---|---|
| Retype password | •••••• | Enter it again just to be sure. |
| Display name | hemn | The name used to sign your blog posts. |
| Email address | dr.hemn@yahoo.com | We will never share your address with third parties without your permission. |
| Acceptance of Terms | ☑ I accept the Terms of Service | Indicate that you have read and understand Blogger's Terms of Service |

CONTINUE

3–کلیك لەسەر دووگمەی continueبکە،لە کۆتای فۆڕمەکەی پێشوودا،کە بەهۆیەوە ئەم فۆڕمەی خوارەوە دەکرێتەوە و،پڕی بکەرەوە بەم شێوەیە:

–لەخانەی (blog title)دا ناونیشانی ویبڵۆگەکەت بنووسە تایبەتە بە چی .

–لەخانەی (blog address)دا ناونیشانی ویبلۆگەکەت بنووسە .


–لەلاکێشەکەی کۆتایدا هێماکانی سەرو خۆی بنووسە:

بڕوانە وێنەکە





4–كليك لەسەر دووگمەی بەردەمبە(continues)بکە،کەبەهۆیەوە

ڕوکاری هەڵبژاردنی قاڵب دەکرێتەوە:




5-دووای ئەوەی قاڵبێکت هەڵبژارد،ئەویش بەکلیك کردن لەناو بازنەی بەردەم ناوی ئەو قاڵبەی ، کە بەدڵتە،کلیك لەسەر دووگمەی continuesبکە و،بەمەش دەچیتە دووا قۆناغی دروست بوونی ویبلۆگەکەت و،ڕووکاری پیرۆزبای و،دڵنیابوون لە درووستبوونی ویبلۆگەکەت دەردەکەوێت:





لە ئایندەیەکی نزیکدا.....

- فێربوونی کۆمپیوتەر کەبەرهەمێکی ئەکادیمی زانستییە و بەپشت بەستن بە دەیان سەرچاوەی جیهانی نووسراوە.
- ڤیدیۆ...کتێبێکی زانستییە لەسەر کاری ڤیدیۆیی بەهەموو جۆر و بەشەکانییەوە.


6-پاشان کلیك لەسەر دووگمەی (start posting)بکەو،بەمەش داغڵ بەبەشی بەڕێوەبەری ویبلۆگەکەت دەبیت و،دەتوانیت بابەتەکانت دابەزێنیت:




بەهۆیەوە بەشی posting>create کرایەوەو،دەتوانیت ئەو بابەتەی ئامادەیە لەخانەی دەقدا دایبنێیت،یان بینووسیتو،لەخانی titleیشدا ناونیشانی بابەتەکە بنووسیت :




پاشان ئەگەر دەتەوێت ئەوبابەتەبنێریت بۆ ناو ویبلاگەکەت، بچۆرەبەشی خوارەوەی لاپەرەکەو،کلیک لەسەر دووگمەی ( publish post)بکە،وەئەگەر دەتەوێت هەڵیبگریت کلیک لەسەر ( save as draft)بکە:




پاشان دەبینیت پێت دەڵێت، کە بەدڵنیاییەوە ویبلاگەکەت دابەزیوەو،ئەوفایلەش بە دڵنیاییەوە دابەزیوە:





ئەگەر دەتەوێت دووبارەی بڵاوی بکەیتەوە لە ویبلۆگەکەتدا کلیك لەسەر republish entire blogوە ئەگەر دەتەوێت پەبلیشی بکات بۆ لاپەڕەی یەکەم بەتەنها کلیك لەسەر دووگمەی Republish index only.


7-ئەگەر دەتەوێت ئەو فایلانەی کە داتبەزاند و،ویبلۆگەکەت ببینیت، ئەوا کلیك لەسەر دووگمەی View Blogبکە،کە بەهۆیەوە بلاگەکەت دەبینیت:




8-ئەگەر دەتەوێت زمانی بەروارو،وپێکهاتەکانی دیکە بگۆڕیت کلیك لەسەرSetting>formattبکە:




دەتوانیت ئەو شێوانەی سەرەوە وەك لە وێنەكە دیارە هەڵبژێریت،یان بەوشێوەیەی كەخۆت دەتەوێت،دوواتریش بەهۆی سكرولەكەوە بێیتە خوارەوەو،و بەشەكەی دیكەش هەڵبژێریت وەكو لە وێنەكەی خوارەوەدا دیارە:





ئەوەی لەو هەڵبژاردنانەی پێشوودا گرنگە زمانی بەكارهێنانە كە لەبەشی Date Languageداهەڵیدەبژێریت، كە بەهۆیەوە بەرواروو،پێكهاتەكان دەكات بە عەرەبی و،سودی لێوەردەگرین بۆ نووسینی كوردی و،تێكی نادات ئەگەر بەكوردی بنووسین .


ئێستا چەند هەڵبژاردنێكی دیكە هەیەو،وەك لەوێنەكەدا دیارە ،هەڵیابژێرەو،لە كۆتایدا كلیك لەسەر Save Settingبكە :




9-بۆ دەرچوون لە ویبلۆگەکەت کلیکلەسەر Sign out بکە:




10-هەنووکە لە ویبلۆگەکەت دەرچوویت و،دەتوانیت ویبلۆگەکەت لە خانەی ناونیشاندا بنووسیت و،بیکەیتەوە:



11–بۆ داغلبوون بەبەشی بەڕێوەبەر بلاًگەکەت ماڵپەڕی بلۆگەر بکەرەوە و،دەبینیت دووخانەت هەیە و،لەو دووخانەیەدا ناوەکەتو،وشەنهێنییەکەت داغڵ بکەو بچۆرەبەشی مدیریەتو،گۆران بکە وەکو پێشتر باسکراوە.


# لە ئایندەدا...چاوەڕوانبن

1. فەرهەنگی وێنەیی کۆمپیوتەر (بۆ منالًان و تازە دەستپێکەران ی کۆمپیوتەر).
2. فەرهەنگی کۆمپیوتەر (گەورە–بۆهەموو ئاستەکان).
3. فەرهەنگی وێنەیی لۆنگ مان..
4. فەرهەنگی وێنە.
5. فێربوونی فۆتۆشۆپ 7و8و9و10.
6. فێربوونی کۆمپیوتەر.
7. فێربوونی مایکرسۆفت وۆرد.
8. ئایتی.
9. فێربوونی مایکرۆسۆفت ئێکسڵ.
10. فێربوونی مایکرۆسۆفت ئەکسێس.
11. تۆڕەکان
12. ڤیدیۆ....بەهەموو بەشەکانییەوەوبۆهەموو ئاستەکان.
13. کۆڕالً درۆو ئێکس سری ...چاپی دووەمی زیادکراو
14. سایتە کوردییەکان...چاپی چوارەمی زیادکراو
15. مایکرۆسۆفت ئۆفیس

# کوردبڵاگەر

## www.kurdblogger.com

**ماڵپەڕی کورد بلۆگەر،یەکێکە لە ماڵپەڕە هەرە جوان و قەشەنگەکان ،کە بەهەوڵ و ماندوو بونێکی زۆر بەرهەم هاتووەو دروستکراوەو،جێگەی خۆیەتی دەستخۆشی لە دروستکەران و بەڕێوەبەرانی ئەم ماڵپەڕەبکەین.چونکە تاکە ماڵپەڕی کوردییە لەو بوارەدا و لەبەر ئەوەی هەموو بەش و دووگمە و پێکهاتەکانی بەزمانی شیرینی کوردییە بەپێویستمان نەزانی بە وردی باسی بکەین .چونکە هەر بەکارهێنەرێك کەمێك شارەزای ئینتەرنێت بێت دەتوانێت بلۆگێگی تێدا دروستبکات،بێگومان ئەمەش بەهۆی زمانی ماڵپەڕەکەوە کە زمانی کوردییە:**


ناوی ڕاستی* هیمن
ناوی سیانی هیمن مەلا کەریم سەید ئەحمەمەد بەرزنجی
ناز ناو* هیمن مەلا کەریم سەید ئەحمەمەد بەرزنجی
ئەندام پیاو
لەدایک بوون* 1983 5 1

# بلۆگ فا

www.blogfa.com

ویبلۆگ لە بلۆگ فا-دا کە هیچ فۆنتێکی کوردی تێکنادات

دروستکردنی وێبلۆگ بۆتە پێویستییەکی هەنووکەیی هەرتاکێك لە جیهاندا و،گەنجی کوردیش کەم تا زۆر حەز لەدروستکردنی لاپەڕە و،وێبلۆگ و،ماڵپەڕی تایبەت بە خۆیان دەکەن و،بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵ دەدەن تا فێربن،وەلێ گرفتی سەرەکییان تێکدانی فۆنتی کوردییە لەلایەن ماڵپەڕی سەرەکی و،پێشکەشکاری ئەو خزمەتگوزارییەوە،بەڵام ئەم گرفتە ئەوە ناگەیەنێت دەستەوەستان بین و،بەشوێن چارەسەری گرفتەکەدا نەگەڕێین،وەلێ چارەسەرەکان جیاوازن و،هەندێکیان بۆ زۆرینەی بەکارهێنەری ئینتەرنێت دەستنادات و،ڕێگەی دیکەش هەیە،کە ئاسانەو ،بۆ هەموو بەکارهێنەری ئینتەرنێت دەست دەدات،وەك دروستکردنی وێب لۆگ بە سود وەرگرتن لە ماڵپەڕی بلۆگفای فارسی کە هیچ فۆنتێکی کوردی تێك نادات و،دروستکردن و،بەکارهێنانیشی زۆر ئاسانەو،پێویست بەفۆنتی یونیکۆدو،خۆماندوو کردن ناکات.

بفەرموون هەنگاوەکانی خوارەوە جێبەجێبکەن تاببەنە خاوەنی ویبڵاگی خۆتان:

1-ناونیشانی ماڵپەڕی بلۆگ فا www.blogfa.com لە خانەی شریتی ناونیشانی address barبەرنامەی ئینتەرنێت ئێکسپلۆرەردا بنووسەو،کلیك لەسەر goبکە،یان پەنجەبنێ بەدووگمەی ئینتەری Enterسەر کیبۆردەکەدا.





2–دوایی ئەوەی زانیارییە ڕونکردنەوەییەکانی بلۆگ فات خوێندەوە کلیك لەسەر (ایجاد وبلاگ جدید)بکە:




3-ئەو فۆڕمەی بۆت کرایەوە بەوردی پڕی بکەرەوە بەم شێوەیە:

- ❖ نام کاربری:ناونیشانی ویبلاگەکەت بەڕێنوسی ئینگلیزی بنوسە،کە دوواتر خوێنەر بەهۆی ئەم ناوەوە داغلّی ویبلاگەکەت دەبێت.
- ❖ کلمه عبور:پاسۆردی ویبلۆگەکەت بنووسە:
- ❖ تکرا کلمه عبور :پاسۆردەکەت دووبارە بنوسەرەوە.
- ❖ عنوان ویبلاگ:لەم خانە یەدا ناونیشانی ویبلاگەکەت بنووسە.کە لەبەشی سەرەوەی ویبلاگەکەدا دەنوسرێت،ئەم ویبلاگەی ئێمە تایبەتە بەپەندو نوکتە،کە دوو کتێبی بەندەیە،بۆیە نووسیومە: پەند و نوکتە.
- ❖ نام نویسندە:لەم خانەیەدا ناوی نووسەرو،بەڕێوەبە،یان خاوەنی ویبلاگەکە دەنوسرێت،بۆ ناوی خۆت بنووسە.
- ❖ شرح ویبلاگ:لەم خانەیەدا شەرحی ویبلاگەکەت بنووسە تایبەتە بەچی و ،چی لەخۆدەگرێت.

- ❖ ایمل خصوصی : ئیمەیڵی تایبەتی خۆت بنوسە.
- ❖ ایمیل نویسندە: ئیمەیلێکی خۆت بنووسە .(دەگونجێت هەمان ئیمەیڵی پێشتر دووبارە بکەیتەوە).
- ❖ منتقە زمانی : کاتی ناوچەیی هەڵبژێرە.(زۆر گرنگ نییە)




- ❖ تعداد پستها در صفحە نخست:لەم لاکێشەیەدا ژمارەی پۆستەکان لە لاپەڕەی یەکەمدا دیاری بکە ،کە تا 30لاپەڕ ڕێگەی پێداویت.
- ❖ نحو نمایش تاریخ پستها:بەهۆی ئەم لاکێشەیەوە شێوەی پیشاندانی بەرواری پۆستەکانت دیاری بکە.(گرنگ نییە هەرشێوەك بێت–بەروار بەشێوەی زاینی یان ئێرانی).

- **نحونمايش زمان پستها :بەهۆی ئەم لاکێشەیەشەوە شێوەی پیشاندانی کاتی پۆستەکان دیاری دەکەین(زۆر گرنگ نییە-کاتەکە بەشێوەی میلادی پیشان بدات،یان.........).**
- **نحو نمايش تاريخ ارشيو:لەم بەشەشدا شێوەی پیشاندانی بەروار و،شێوەی ئەرشیف کردن هەڵبژێرە(زۆر گرنگ نییە.).**
- **نحو ارشيو متالب وبلاگ:بەهۆی ئەم بەشەوە دیاری بکە کە بەشێوەی هەفتانە(هفتگی)یان مانگانە (ماهانە).**




**4-کلیك لەسەر (قبول قوانين سايت و ايجاد وبلاگ)بکە و،چاوەڕێبکە تا بەخێرهاتنت دەکات:**



5-لەدوای بەجێگەیاندنی خاڵ4-و کەمێك چاوەڕوانی ئەم شێوەیەی لای خوارەوە دەردەکەوێت کە بەخێرهاتنت دەکات و،پیرۆزبایت لێدەکات،و بۆتەواو کردنی کارەکەت کلیك لەسەر (بازگشت بەصفحه نخست)بکە و،بەمەش دەچیتەوە سەر ماڵپەڕی بلۆگفا کەلەخاڵی 1-کردمانەوە.



به بلاگفا خوش آمدید

ورود شما را به فهرست کاربران سایت بلاگفا خوش آمد میگوییم و به خاطر انتخاب بلاگفا به عنوان میزبان وبلاگ خود سپاسگذاریم.
نام کاربري و کلمه عبور براي ورود به وبلاگ به ایمیل خصوصي شما ارسال خواهد شد. آدرس وبلاگ شما http://pendunukte.blogfa.com میباشد.
شما میتوانید در بخش ورود اعضاء و با ورود نام کاربري و کلمه عبور شما وارد بخش مدیریتي سایت شده و امکان ارسال مطلب و یا تغییر در تنظیمات وبلاگ خود را خواهید داشت.همچنین میتوانید قالب و چهره جدیدي براي وبلاگ خود انتخاب کرده و یا حتي قالب دلخواه خود را بسازید.جهت استفاده بهتر از امکانات سایت حتما بخش راهنما را مطالعه کنید.
نویسندگان وبلاگها میتوانند تصویر خود و یا لوگو وبلاگ و همچنین توضیحاتی در مورد نویسنده و مطالب وبلاگ را در بخش تنظیمات تعیین کنند.
مدیریت بلاگفا از کاربران خود انتظار دارد با درک شرایط و قوانین ایران آنرا در نوشته ها و وبلاگ خود لحاظ کنند.در عین حال مدیریت بلاگفا خواستار و پشتیبان آزادي اندیشه و قلم است و قول میدهیم که مشخصات شخصي شما محفوظ و در اختیار هیچ شخص یا مقامي قرار نخواهد گرفت.

آرزوي موفقیت براي شما را داریم.

مدیریت بلاگفا


بازگشت به صفحه نخست

ئێستا بوویتە خاوەنی وێبلۆگی خۆت و،پیرۆزت بێ،وەلێ چۆن بابەتی تیا بلاْو بکەیتەوە،فەرموو شوێن هەنگاوەکن بکەوە.

1-ماڵپەڕی بلۆگفا www.blogfa.comبکەرەوە.

2-لەژێر وشەکانی (مدیریت بلاگ)دا ،دوو لاکێشەی بچوك هەن و،لە لاکێشەی یەکەمیاندا (نام کاربری)ناوی ویبلاگەکەت بنووسە و،لەخانەی دووەمدا(کلمەعبور)پاسۆردەکەت بنووسەو،پەنجەبنێ بە


دووگمەی ئینتەردا Enter،یان کلیك لەسەر دووگمەی (ورود)بکە ،کەمێك چاوەڕێبە تا داغڵی ویبلۆگەکەت دەبیت.




3-ئەم شێوەیەی خوارەوەت بۆ دەکرێتەوە :

- لەلاکێشەی (عنوان متلب)دا ناونیشانی ئەو بابەتە بنووسە کە دەتەوێت دیببەزێنیتە ناو ویبڵاگەکەت.
- بابەتەکەت کۆپی بکەو ،لە لاکێشەی دەقدا پەیستی بکەرەوە ،وەك لەوێنەکەدا دیارە.
- پێکهاتەکانی دیکەی ئەم بەشەو،هەموو دووگمەکانی وەك دووگمەی زۆر بەرنامەی وەك وۆرد...ئیمەل ...وەهایە و،بۆ بەپێویستی نازانم بەوردی باسیان بکەم،و تەنها ئاماژەیان پێدەکەم:




هەڵبژاردنی جۆری فۆنت
بۆڕەنگداری بەکاردێت.
گۆڕینی ڕەنگی فۆنت
هەڵبژاردنی حجمی فۆنت
ڕاست دەگەن بەچەپ وە بەپێچەوانەوە
دانانەوەی بەشێکی بڕدراو یان سەلێکت کراو
بڕین و کۆپی بەشێکی سەلێکت کراو
بۆ نووسینی تووان
بۆ کیشانی خشتە
هێڵهێنان بەسەر نووسیندا
هیلکیشان
هێڵ بەژێرداهێنان
بۆ هێنانی ڕەسم بۆ ویب لۆگەکەت
لارکردنەوە
قەڵەو کردنی نووسین
دیاریکردنی شێوە وشوێنی نووسینەکە
هەڵبژاردنی زامنی کارکرن(فارسی-ئینگلیزی)
بەهۆیەوە بەشی یارمەتی چالاک دەبێت
Tahoma
<HTML>

4-هەنوکە دەتوانیت کلیك لەسەر دووگمەی (پبت مگلب و باسازی ویبلاگ)و ،پاشکەمێك نوو سینەکەت دادەبەزێتە ناو ویبلۆگەکەت.

سەرنج: واباشترە زیاتر لە 3-5لاپەڕە زیاتر لە یەککاتدا نە نێریتە ناو ویبلۆگۆکەت.




5-بۆبینی وێبلاگەکەت کلیك لەسەر (مشاهده  ویبلاگ)بکەلەبەشی (میزکار)دا.

6-ئەگەر ویستت بابەتی نوێ دابەزێنیت ،ئەوا کلیك لەسەر (پست متلب جدید)بکە لەبەشی (میزکار)دا. و بەمشێوەیە دەتوانیت هەمان کاری سەرەوە جێبەجێبکەیتەوە بۆ دابەزاندنی بابەت.

7-ئەگەر ویستت هەموو بابەتە دابەزێنراوەکانت ببینی ئەوا کلیك لەسەر(مدیریت متالب قبلی)بکە لەبەشی (میزکار)دا.

ئەگەرویستت هەر بابەتێکی دبەزێنراو ببینیت ئەواکلیك لەسەر بەشی ویرایش بکە،وە بۆ سڕینەوەی کلیك لەسەر هێمای سڕینەوەکە (حزف پست)بکە.

8-بۆ خوێندنەوەی سەرنجی خوێنەران کلیك لەسەر ( اخرین نزرات خوانندگان)بکە.

9-ئەگەر ویستت گۆڕان لەهەندێك زانیاری دا بکەیت کەلە فۆڕمەکەدا نووسیت کلیك لەسەر (تنزیمات ویبلاگ)بکە:




*ئەگەر ویستت ناونیشانی ماڵپەڕەکەت بگۆڕیت،کە لەبەشی سەرەوەی وێبلۆگەکەتدا دەنووسرێت ،ئەوا نوسینی بەردەم (عنوان ویبلاگ)بگۆرە.

*ئەگەر ویستت ناوی نووسەرەکە بگۆڕیت ئەوا نووسینی لاکێشەکەی بەردەم(نام نویسندە)بگۆڕە،کە لە ژێر ناونیشانی ویبڵۆگەکەدا بۆت دەنوسێت لەبەشی سەرەوە.


*بەهەمان شێوە دەتوانیت بەشەکانی دیکەش بگۆڕیت و،لە پێشتریش باسمان کردوون ،کە بەشەکان چین و،مانایان چییە،وەلێ تەنها دوو بەش پێویست بە ئاماژە پێکردن دەکات:

– نووسینی هەندێك زانیاری و،ڕوونکردنەوە لە سەر ویبلاگەکەت لەخانەی (دربارە ویبلاگ).

–ئەگەر حەزدەکەیت وێنەیەك بخەیتە ناو وێبلاگەکەت ئەوا کلیکی : (تسویر ویبلاگ – brows)و ،بەمەش دایەلۆگ بۆکسی کردنەوە(open)–ت ،بۆ دەکرێتەوە و،بەهۆیەوە وێنەکەت بکەرەوە،و بەمەش وێنەکە دێتە ناو لاکێشەی (browse)

سەرنج: نابێت وێنەکە حەجمی زۆر بێت،بۆیە پێویستە پێشتی حەجمەکەی بەهۆی بەرنامەکەوە کەمبکەیتەوە،بۆ نموونە بەرنامەی Microsoft Office Picture Manager.lnk

لە کۆتای هەموو گۆڕاەنەکاندا کلیك لەسەر (پبت تنڤیمات) بکەو ،چاوەڕێبە تاکارە کە ،جێبەجێدەبێت و،بۆ دڵنیایش دەتوانیت کلیك لەسەر (مشاهده ویبلاگ)بکەیت لەبەشی (میزکار)دا .





10–ئەگەر ئەو قاڵبەی ویبلۆگەکەتت بەدڵ نەبوو کەماڵپەڕی بلۆگفا بەشێوەیەکی خۆی بۆت دادەنێت،ئەوا لەبەشی (میزکار)دا کلیك لەسەر (انتخاب قالب ویبلاگ)بکەو ،چاوەڕێبە تا هەموو قاڵبەکانت بۆ دەکرێتەوە:




دوای ئەوەی هەموو قاڵبەکانت بۆ کرایەوە بەخواستی خۆت کام قاڵبەت بەدڵە کلیك لەسەر (انتخاب قالب)بکە و،پاشان کلیك لەسەرokبکە لەو دایەلۆگ بۆ کسەی بۆت دەکرێتەوە:




**پاش کەمێك چاوەڕوانی ئەم شێوەیە دەردەکەوێت ،کەمانای چالاك بوونی ئەو قاڵبەیەکەهەڵت بژارد:**





**11–ئەگەر ویستت وێبلاگەکەت بسڕیتەوە ئەوا کلیك لەسەر (حزف ویبلاگ)بکە.**


**12–ئەگەر ویستت پاسۆردەکەت بگۆڕیت ،ئەوا کلیك لەسەر (تغیر کلمە عبور)بکەو ،بەمەش سێ خانەت بۆ دەکرێتەوە و،لەخانەی یەکەمدا پاسۆردە کۆنەکەت بنووسەو،لە خانەی دووەمدا پاسۆردە نوێیەکەو،لەخانی سێهەمدا دووبارە پاسۆردە نوێیەکە بنووسەرەوە و،دوواتر کلیك لەسەر (تغیر کلمەیە عبور)بکە.**



12-بۆ دەرچوون لە ویبلۆگەکەت کلیك لەسەر (خروج از بخش مدیریت) بکە،لە بەشی (میزکار)دا:





دوواتر دەبێت کلیك لەسەر (بازگشت)بکەیت ،وەك لەوێنەکەدا دیارە:



**هەنووکە بوویتە خاوەنی بلاگی خۆت وپیرۆزەو،دەتوانیت ناونیشانەکەی بلاوبکەیتەوە:**


www.pendunukte.blogfa.com



# مای بلۆگ

# www.myblog.com

ماڵپەڕی مای بلۆگیش یەکێکە لە ماڵپەڕە جوان و سادەو ساکارەکانی بوواری دروستکردنی ویبلۆگ و تەنها سێهەنگاوت پێویستە بۆ دروستکردنی بلۆگێك و فۆرمەکەشی تاڕادەیەکی زۆر لە فۆڕمی ماڵپەڕەکانی تر دەچێت و ئەو کەسەی کەمێك زمانی ئینگلیزی بزانێت دەتوانێت بە ئاسانی ویبلۆگێکی تێدا دروستبکات و بەرهەم و بابەتەکانی خۆی تێدا بڵاوبکاتەوە:



# جیران بلۆگ

www.jeeran.com

ئەو کەسانەی زمانی عەرەبی دەزانن و خوازیارن بلۆگێك بۆ خۆیان دروست بکەن ئەوا دەتوانن سود لەو ماڵپەرە عەرەبییانە وەربگرن کە ئەو خزمەتگوزارییە پێشکەش بەبەکارهێنەرانی دەکات،وەکو ماکتوب و جیران و ......دەیان ماڵپەری تر.



# پرشین بلۆگ

www.persianblog.com

یەکێك لەو ماڵپەڕە فارسییە بەناوبانگانەی خزمەتگوزاری ویبلۆگ پێشکەش دەکەن ماڵپەڕی پێرشن بلۆگە و،ئەو کەسانەی ئارەزوومەندن لە ماڵپەڕێکی فارسی دا ویبلۆگەکەیان دروست بکەن دەتوانن سود لەم ماڵپەڕە وەربگرن:



# بلۆگ

# www.blog.com

ماڵپەڕی بلۆگی ئینگلیزیش یەکێکی ترە لە ماڵپەڕە جوان و قەشەنگ و ئاسانەکانی دروستکردنی بلۆگ کە تەنها بە سێ هەنگا و دەبیتە خاوەنی ویبلۆگی خۆت و دەتوانیت بەرهەم و کار و چالاکییەکانتی تێدا بڵاوبکەیتەوە:



# بلۆك سكای

# www.blogsky.com

بلۆگ سكای ماڵپەڕێكی دیكەی فارسییە كە بەئاسانی دەتوانیت بلۆگی خۆتی تێدا دروست بكەیت و هیچ فۆنتێكی كوردی تێك نادات و ئیمكانییەتێكی باش و جوانی هەیە و تەنها پێویستیت بە زانینێكی كەمی زمانی فارسی دەبێت ،بۆ دروست كردن و بڵاوكردنەوەی بابەتەكانت لەم وێبڵاگەدا:






بێگومان ژمارەی ئەو ماڵپەڕانەی کە خزمەتگوزاری بلاگ پێشکەش دەکەن زۆر لەمانەی لە پێشەوا باسکران زیاترن و،تەنها دەتوانین ئەوەندەیان ڕوون بکەینەوە ،لە بەر زۆرییان،ئەگەرچی هەوڵدەدەم ،کە لە ئایندەدا کتێبێك لە سەر ویبلۆگ بنووسم و،ئەوانەی لێرەدا سەد لەسەد ڕوونم نەکدۆتەوە لەوێدا ڕوونیان بکەمەوە،وەلێ لە کۆتای ئەم بەشە دا پێمباشە ئاماژە بە ناوی هەندێك ماڵپەڕی دیکە بدەم ،کە خزمەتگوزاری بلاگ پێشکەشدەکەن:

www.blogsource.com
www.smartpunters.com/login.php
www.hothomepages.com
spaces.msn.com
www.newblog.com
www.fortunecity.com
www.bayosphere.com
www.blogharbor.com
www.21publish.com
www.neigo.com
www.freewebspace.net
www.myphotoalbum.com

**بەم زووانە...چاوەڕوانبن:**

1-فێربوونی کۆمپیوتەر. 2-ڤیدیۆ. 3-فەرهەنگی وێنەیی کۆمپیوتەر. 4-تۆڕەکانی کۆمپیوتەر Networks.
5-فەرهەنگی ماکمیلان.6-ئایتی. 7-فەرهەنگی کۆمپیوتەر (گەورە).8-مایکرۆسۆفت ئۆفیس

لە لایەن هێمن مەلا کەریم بەرزنجی 07701515582

# بەشی پێنجەم

# ئی – مەیڵ

پۆستی ئەلەکترۆنی:

پۆستی ئەلەکترۆنی E-Mailیە کێکە لە ناسراوترین و،گرنگترین خزمەت گوزارییەکانی ئینتەرنێت ،کە لە زووترین کاتدا پەیام و،مەبەستەکان دەگەیەنێتە جێ ،بە تێچونێکی کەمتر لە تەلەفۆن و،فاکس و،هەرئەمەشە وای کردووە ڕۆژ بە ڕۆژ بەکارهێنەرانی ئەم بووارە ڕوو لە زیادبوون بکەن ،لەگەڵ زیاد بوونی ژمارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت دا.

بۆ بەشداری کردن لەم بووارە گرنگەی ئینتەرنێت دا ،پێویستە لە یەکێك لە ماڵپەڕەکاندا بەشداری بکەیت ،وبۆ ئەم مەبەستەش ئێمە بەشداری کردنمان لە چەند ماڵپەڕێك باسکردووەو،لە دوواتردا دەیان بینیت،وەلێ بەرلەوە پێویستە بزانیت ناونیشانی پۆستی ئەلەکترۆنی چییەو،لە چی پێکدێت.

ناونیشانی پۆستی ئەلەکترۆنی :

هەربەشداربوویەکی پۆستی ئەلەکترۆنی پێویستە ناو ،وناونیشانێکی هەبێت هەتاوەکو بەهۆیەوە بناسرێتەوەو،بتوانێت پۆستی تایبەتی خۆی بنێرێت،یان پۆستی لەکەسانی دییەوە بۆ بێت و،بەمەش دەڵێن :ناونیشانی پۆستی ئەلەکترۆنی (عناوين البريد الالكترونى – E-Mail Address)بەوە جیادەکرێتەوە کەهێمای(@) تێدایە کەبە(At)دەخوێندرێتەوە.

**پێکهاتەی ناونیشانی پۆستی ئەلەکترۆنی:**

بەشێوەیەکی گشتی ناونیشانی پۆستی ئەلەکترۆنی هەربەشداربوویەك لە چەند بەشێکی گرنگ پێکدێت کە پێویستە تۆی بەکارهێنەر زانیاریت لە بارەیانەوە هەبێت،بەم شێوەیە:

1–User name:ناو،یان نازناو،ئەو وشەو،دەستەواژەیە دەگرێتەوە ،کە تۆی بەکارهێنەی بۆخۆتی هەڵدەبژێریت و، گرنگیش نییە کە ناوی خۆت،یان ناوی خوازراو،یان بەشێك لەناوەکەت،یان ناو ژمارە بێت،یان... .

2–@:ئەم هێمایە بەشێکە لە پێکهاتەی بەریدی ئەلەکترۆنی و،بە (ئەت – At)دەخوێندرێتەوەو،گرنگی خۆی هەیەو،بەهۆیەوە ئیمەیڵ لە ماڵپەڕ جیادەکرێتەوەو،هاوکات ناوی بەکارهێنەرو ،ناوی ئەو ماڵپەڕەش جیتدەکاتەوە،کە بەشداریت تێدا کردووە.

3–Domain Name:ئەو بەشەیە کەلەدوای هێمای @ دێت و،ناوی ئەو ماڵپەڕەیە ،کە بەشداریت تێدا کردووە.

4–پاشگر : بەهۆی ئەم بەشەوە دەتوانین جۆری ئەو ماڵپەڕە جیابکەینەوە کە بەشداریت تێدا کردووە ،کە ئایا بازرگانییە،یان ڕێکخراو دەزگایە ،یان... ،بەڵام ئەم جیاکردنەوەیە سەد لە سەد نییە.

**پاشگرەکان:**

| | | |
|---|---|---|
| .Com | Commercial | بازرگانی |
| .Gov | Government | حکومەتی |
| .Edu | Education | پەیمانگەوزانستگەودامەزراوە فێرکارییەکان |

| | | |
|---|---|---|
| سەربازی | Military | .Mil |
| تۆڕ | Network | .Net |
| ڕێکخراو دەزگا | organization | .Org |
| دامەزراوەی دەوڵەتی | International | .Int |


سەرنج:هەندێك جارو ،بە گوێرەی ئەو ماڵپەڕەی بەکاری دەهێنیت بۆ دروستکردنی ئیمەیڵ ،سەبپاشگرێك دەبینی کەهێمایە بۆ وڵاتێکی دیاری کراو،ئەویش بە گوێرەی پڕکردنەوەی فۆڕمەکە بەم شێوەیە:

| Ir | ئێران | پاشگر | ناوی وڵات |
|---|---|---|---|
| se | سوید | za | ئەفریقای خوارە |
| aq | قوتبی باکوری | es | ئیسپانیا |
| de | ئەڵمانیا | ec | ئیکوادۆر |
| no | نەرویژ | br | بەرازیل |
| us | ویلایەتەیەکگرتووەکان | be | بەلقان |
| gr | یۆنان | sa | سعودیە |
| it | ئیتاڵیا | cn | چین |
| bg | بولغاریا | kw | کوەیت |
| pl | پۆڵندا | mx | مەکسیك |
| tw | تایوان | in | هیند |
| tn | تونس | jp | یابان |
| ie | کۆماری ئیرلەندا | is | ئایسلەندا |
| cs | سلۆڤاکیا | uk | بەریتانیا |


| | | | |
|---|---|---|---|
| si | سولفینیا | pr | بوتوریکۆ |
| fr | فرنسا | th | تایلاند |
| fi | فنلەندا | cl | تشیلی |
| kr | کۆریای جنوبی | cs | کۆماری تشیك |
| lv | لاتیڤیا | su | ڕووسیا |
| li | لیتوانیا | sg | سەنگافورە |
| eg | میسر | ch | سویسرا |
| nl | هۆڵەندا | ve | ڤەنزویلا |
| ca | کەنەدا | hr | کرواتیا |
| cr | کۆستاریکا | ee | ابستونیا |
| lu | لۆکسمبۆرگ | au | ئوستوراڵیا |
| my | مالیزیا | ar | ئەرژەنتین |
| hu | هەنگاریا | bh | بەحرەین |
| hk | هۆنگ کۆنگ | pt | پرتوغال |
| iq | ئێراق | dk | دانیمارك |

# جی مەیڵ

1-ماڵپەڕی جیمەیڵ www.gmail.com بکەرەوە:





2-له لاپەڕه سەرەکییەکەی Home Page که کردتەوە،کلیك له سەر Create an account>> بکە:





3-دوواتر ئەم فۆرمەی خوارەوەت بۆ دەکرێتەوە،کە پێك هاتووه لەچەند بەشێك و پێویستە پڕی بکەیتەوە:


*لە لاکێشەی First Name دا،ناوێك بنووسە و،ئەوەت لەبیربێت کە ئەم ناوە لەگەڵ ناردنی نامە بۆ کەسی بەرامبەر دا،دەڕوات و بەرامبەرەکەت ئەم ناوە دەبینێت:




*لە خانەی  Last Name دا،ناوێکی تر بنووسە و،ئەوەشت لە بیربێت کە ئەم ناوەش لەگەڵ نامەناردن دا دەڕوات بۆ ئەو کەسەی نامەی بۆ دەنێریت:




*لەخانەی دوواتردا ،ناونیشانی ئیمەیڵەکەت بنووسە و ئەوەت لەبیربێت کە بەهۆی ئەم ناونیشانەوە بۆ حسابەکەت  داغڵ دەبیت و بەهۆی ئەم ناونیشانەشەوە نامە دەنێریت و نامەت بۆ دێت:




*لەخانەی دوواتردا پاسۆرد (وشەی نهێنی) تایبەت بە ئیمەیڵەکەت بنووسە:





سەرنج:ئەگەر پاسۆردەکەت سادە و لاوازبێت،ئەوا لەتەنیشت پاسۆردەکەدا بۆت دەنووسێت (پاسۆردەکەت لاوازە)  (week)،وە ئەگەر بەهێزیش بوو واتە سادە نەبوو(بۆنموونە لە پیت و هێما و ژمارە پێکهاتبوو) ئەوا بۆت دەنووسێت (پاسۆردەکەت بەهێزە) Strong.


*دووبارە وشەی نهێنی (پاسۆرد) بنووسەرەوە:





سەرنج:ئەو دوو چوار گۆشە بچووکەی لەبەر دەم هەریەکێك لە Stay Signed in و Enable web History دایە،بۆ ئەوەیە ئەگەر ویستت ئەو دوو خاڵە جێبەجێببێت کلیکیان لە ناودا بکەیت،وە بەپێچەوانەشەوە،بۆ بەئارەزووی خۆت و بەپێی پێویست چلاکیان بکە:





*لەم بەشەدا پرسیاری دڵنیایی Security Question هەڵبژێرە و لەخانەی دوواتردا وەڵامی ئەو پرسیارە بنووسە کە هەڵت بژاردووە:




*لەخانەی ئیمەیڵی دووەمی Secondary E-Mail دا ،ئەمەیڵێك بنووسە:




*لەناو خانەی Location دا،ئەو شوێنە هەڵبژێرە کە لێی دادەنیشیت ،یان تێیدا دەژیی،بۆ نموونە (ئێراق):




*لەناو لاکێشە بچوکەکەدا ئەو پیت و هێما و ژمارانە بنووسەرەوە کە دەکەوێتە سەر لاکێشەکە:




*کلیك لەناو چوار گۆشە بچووکەکەی بەردەم ئەو پەرەگرافە نووسینە بکە،کە دەکەوێتە کۆتای فۆڕمەکەوە:





*لەکۆتای دا کلیك لەسەر دووگمەی ( I accept Create my account) بکە،بۆ ئەوەی ئیمەیڵەکەت بۆ دروست بێت:





سەرنج:دەگونجێت هەندێك کات بەکلیککردن لەسەر ئەو دووگمەیەی سەرەوە فۆڕمەکە قبوول نەکرێت وپێویست بکات گۆڕانکاری بکەیت،بەتایبەت لە ناونیشانی ئیمەیڵەکەدا،ئەگەر پێشتر ئەو ناوە بەکارهاتبوو،بۆیە لات ئاسای بێت ئەگەر زیاتر لە جارێك هەوڵت دا.


*ئـەم شـێوەیەی خـوارەوە دەردەکـەوێت و،پیرۆزبایـت لێـدەکات و ئەگـەر دەتەوێت داغڵ بە حسابەکەت ببیت ئەوا کلیك لەسـەر show me my accountبکە:




*ئێستا داغڵ بە ئیمەیڵەکەت بوویت و،دەتوانیت هەر کارێکت ویست بیکەیت:



*بۆ کردنەوەو بینینی ئیمەیڵی هاتوو كلیك لەسەر ناوی ئەو ئیمەیڵە دەکەین کە بۆ مان هاتووە لەبەشی سنوقی نامەی هاتوو Inbox دا:




*بۆ ناردنی نامە و پەیامەکانت جا بە شێوەی هاوپێچ Attach بێت ،یاخوود ڕاستەو خۆ نامە کە بنووسیت،كلیك لەسەر ( Compose Mail) بکە :




*دەبینین بەشی ناردنی ئیمەیڵ دەکرێتەوە،لەخانەی To دا، ناونیشانی ئیمەیڵی ئەو کەسە بنووسە کە دەتەوێت نامە و پەیامی بۆ بنێریت ،پاشان لە خانەی Subject دا،ناونیشان و بابەتی نامە و پەیامەکەت بنووسە و،لەلاکێشە گەورەکەی ژێرەوەشدا نامەکەت بنووسە:





سەرنج:

*ئەگەر ویستت هەمان نامە بۆ کەسێك یان دووکەسی تر بنێریت،ئەوا کلیك لەسەر Add Cc وAdd Bcc بکە و،لە ژێر هەر بەشێکیان دا ناونیشانی ئیمەڵی ئەو کەسە بنووسە کە دەتەوێت نامەکەی بۆ بنێریت




سەرنج 2:

**ئەگەر بمانەوێت وێنەیەك یان فایلێکی وۆرد یان .... بەشێوەی هاوپێچ بنێرین ئەوا لە ڕووکارەکەی پێشووتر دا ،کلیك لەسەر هاوپێچ** Attach **دەکەین :**





**دەبینین دایەلۆگ بۆ کسێکی تایبەت دەکرێتەوە بۆ ئەوەی بەهۆیەوە ئەو فایلەی دەمانەوێت بیکەینەوەو بینێرین بۆ ناو ئیمەڵەکە :**





**لەبەشی** Look in **دا،ئەو شوێنە بکەرەوە کە فایلەکەی تێدایە و،فایلەکەی ئێمە لە فلاش میمۆری دایە ،بۆیە ئەو بەشەمان هەڵبژاردووە،پاشان کلیك لەسەر ئەو فایلەبکە کەدەتەوێت هاوپێچی بکەیت،دوواتر کلیك لەسەر دووگمەی** open **بکە.**


*ئێستا دەبینین فایلەکەمان هاوپێچ بووە هەرچییەکیشمان ویست لە لاکێشە گەورەکەدا دا نووسیوومانە (ئێمە لێرەدا هیچمان نەنووسیوە) و بۆ ناردنی نامە و هاوپێچەکە کلیك لەسەر Sendدەکەین:




*لە کۆتاییدا بۆ ئەوەی لە ئیمەیڵەکەمان دەربچین کلیك لەسەر Sign out دەکەین،و بەم شێوەیە لە ئیمەیڵەکەمان دەر دەچین :



*بـۆ کردنـەوەی سـیمەیڵەکەت لـە کـاتی دیکـە دا ،ماڵپـەڕی gmail بکەرەوە،بەم ناونیشانە : www.gmail.com:





*لە خانەی user name دا،ناوی ئیمەیڵەکەت بنووسە و،لە خانەی passwordیشدا،وشەی نهێنی ئیمەیڵەکەت بنووسە و،پاشان کلیك لەسەر Sign inبکە:




**مای وەی**

www.mymay.com


–ماڵپەڕی مای وەیwww.myway.com بکەرەوە




–كليك لەسەر بەشی ئیمەیڵ E-mailبكە، كە بەهۆیەوە ئەم شێوەیەی خوارەوە دەكرێتەوە:



–کلیك لەسەر دووگمەی Sign up بکە، لەبەشی لای ڕاستی ئەو پەنجەرەی بۆت کراوەتەوە،کە بەهۆیەوە ئەم فۆڕمەی خوارەوە دەکرێتەوە و،پڕی بکەرەوە:


Create Your My Way Account
User Name: hemnbarznji
Your user name gives you access to your personal settings. (3-20 characters)
Password: ●●●●●●
(6-20 characters)
Re-enter Password: ●●●●●●
Create hemnbarznji@myway.com as my free email address
If You Forget Your Password
Password Hint: hawzhin
Secret Question: What is your mother's maiden name?

*لە خانەی user name دا، وشەیەك،یان ناوێك بنووسە، کە دەبێتە ناونیشانی ئیمەیڵەکەت .

*لە خانەی Password دا،وشەی نهێنی ئیمەیڵەکەت بنووسەو،ئەم وشە نهێنییە دەتوانرێت لە شەش دانە (کارەکتەر)کەمتر نەبێت و،لە بیست کارەکتەریش زیاتر نەبێت .(دەشێت پیت بێت بەتەنها،یان ژمارە بەتەنها ،یان پیت وژمارە پێکەوە.نابێت ئەم وشە نهێنییەت لەبیربچێتەوە چونکە بۆ داغڵبوونەوەی بەردەوامی ئیمەیڵەکەت پێویستت پێی هەیە.)

*لە خانەی Re-type password دا، دووبارە وشە نهێنییەکە بنووسەرەوە.


*کلیـــك لـــەناو چـــوار گۆشـــەکەی بـــەردەم ( Create hemnbarznji@myway.com as my free email address)بکە.

*لەخانەی Password hintدا ،وشەی نهێنی بنووسەو،واباشترە بیرت نەچـێتەوە ،کـە بـۆ کردنـەوەی ئیمەیڵەکـەت لـەکاتی بیرچـوونەوەی پاسۆردەکەتدا سودی لێوەردەگریت.

*لە خانەی secret questionدا،پرسیارێك هەڵبژێرەو،واباشترە بیرت نەچـێتەوە ،چـونکە وەکـو بەشـەکەی خانـەی پێـشتر بـۆ کردنـەوەی ئیمەیڵەکەت سودی لێوەر دەگریت لەکاتی بیرچونەوەی پاسۆردەکەتدا.

*لـە خانـەی Answerدا،وەڵامـی ئـەو پرسـیارە بـدەرەوە کەلـە خانـەی پێشتردا هەڵت بژردووە .

پاشان خانەکانی دیکە پڕبکەرەوە ،بەم شێوەیە:




*لەخانەی Email contactدا،ئیمەیلێك بنووسە و،واباشترە ئیمەیلی خۆت بێت.

*لەخانەی First nameدا،ناوێك بنووسە .

*لەخانەی Zip/postal code دا ،كۆدی ولاٌتێك بنووسە بەئارەزووی خۆت،من لێرەدا كۆدی ئەمریكام نووسیوە(19022).

*لە خانەی :Enter the letters in the box on the rightدا،ئەو وشانە بنووسەرەوە كەلەتەنیشتیدا نووراوە.

پاشان و،لەبەشی خوارەوەی فۆڕمەكەدا كلیك لەسەر دووگمەی I Agreeبكە:





سەرنج:

ئەگەر هەڵە لە فۆڕمەكەتدا هەبێت ئەوا بۆت دەستنیشان دەكات و،ناچێتە ناو قۆناغی دوواتر ،كە ئیمەیلەكەی خۆت و، بەهۆیەوە دەتوانیت ئیمەڵ بنێریت یان بیخوێنیتەوە ،وەڵ گەر هەڵەت كرد هەڵەكان چاك بكەو ،دووبارە هەوڵبدەرەوە بۆ ئەوەی فۆڕمەكە قبووڵ


بکات ،بیرت نەچێت ڕەنگە هەندێك جار پێویست بکات چەند جارێك هەوڵبدەیت و،هەندێك جاریش یەکسەر قبوولی دەکاتن،وەکو ئەم مەیڵەی ئێمە:





-بۆ حوێندنەوەی ئەو ئیمەیڵ و،پەیامانەی بۆت هاتووە، پێویستە کلیك لەسەر Inboxیانcheck message بکەیت: کە بەهۆیەوە ئەم شێوەیە دەکرێتەوە




-بۆ خوێندنەوەی هەر بابەتێك كلیك لەسەر ناوی هەر نامەو،بابەتێكی هاتوو بكە، كە لەژێرخانەی Subjectدایە و،بەمەش بابەتەكە دەكرێتەوە:



–ئەگەر دەتەوێت بابەت بنێریت کلیك لەسەر دووگمەی Composeبکە،کە بەهۆیەوە ئەم فۆرمەی خوارەوە دەکرێتەوە:





*لەخانەی TOدا،ئیمەیلی ئەو کەسە بنووسە کەدەتەوێت نامەو،پەیامەکەی بۆ بنێریت.


*ئەگەر دەتەوێت هاوکات هەمان نامەو،پەیام بۆ کەسانی دیکەش بنێریت ئەوا لەخانەکانی (BccوCc)دا،ئیمەیلی ئەو کەسانە بنووسە.

*لەخانەی Subjectدا،ناونیشانی ئەو بابەتە بنووسە،کەدەتەوێت بینێریت.


–پاشان لەخانەی نووسیندا ،ئەو بابەتەی دەتەوێت بینێریت بینووسەو،ئەگەر دەتەوێت ماڵپەڕێك لینك بكەیت بە وشەیەكە ئەوا وشەكە سەلێكت بكەو،پاشان كليك لەسەر دووگمەی Hyperlinkبكە،كەبەهۆیەوە دایەلۆگ بۆ كسێك دەكرێتەوە لەخانەی URLدا،ناونیشانی ئەو ماڵپەڕەبنووسە كەدەتەوێت لینكی بكەیت و،پاشان كليك لەسەر دووگمەی Okبكە:





–ئەگەر دەتەوێت وێنەیەكی جوان هەڵبژێریت و،بینێریت ئەوا سود لەبەشی وێنەی ئیمەیل Imageوەربگرە:




–ئەگەر دەتەوێت وێنەیەکی جوان بکەیتە باکگراوەندی نامەکەت ئەوا سودلەبەشی Stationeryوەربگرە:





–ئەگەر دەتەوێت سود لە بەشی دەنگ وەربگریت و،دەنگێك بنێریت لەگەڵیدا ئەوا سود لە بەشی Soundوەربگرە:




–پاشان دەبینیت ئەو بەش و،شێوانەی هەڵت بژارد دێتە ناو لاکێشەی نووسینی دەق و،دەتوانیت ئەو دەقەی هەتە تێیدا بنووسیت :





–پاشان کلیك لەسەر دووگمەی ناردن Sendبکەو،بەمەش ئیمەیڵەکە دەڕوات بۆ ئەو کەسەی ناونیشانەکەیت نووسیوەو،دەتەوێت پەیامی بۆ بنێریت،و ئەنجامەکەشیت پێدەڵێت وەکو لە وێنەکەدا دیارە:




-ئەگەر دەتەوێت کارت و،وێنەی جوان بۆ کەسێکی دیاری کراو بنێریت ئەوا دەتوانیت سود لەبەشی کارت وەربگریت و،کلیکی لەسەر بکەیت کە دەکەوێتە بەشی خوارەوەی لای چەپی ئیمەیڵەکەت:




-وێنەو کارتەکان دەکەونە بەرچاو وەکو لە وێنەکەدا دیارە:




–کام وێنەیەت بەدڵەو ،پێت جوانە کلیکی لەسەر بکەو،بەمەش وێنەکە گەورەدەبێت وەکو لە خوارەوە دیارە:





–کلیك لەسەر دووگمەی Selecteبکەو،بەمەش ئەم فۆڕمەی خوارەوە دەکرێتەوە و،پڕی بکەرەوە:




–دوواتر بەشی خوارەوە فۆرمەکە پڕبکەرەوەو،لـە کۆتایـدا کلیك لەسـەر دووگمەی ناردن Sendبکە، بۆ ناردنی کارتەکە:




هەنووکە بە تەواوکردنی مای وەی کۆتای هات و،تۆی بەکارهێنـەر زانیاریت لەسـەر وەرگرت و،بۆ دەرچون لـە ئیمەیڵەکـەت پێویـستە کلیك لەسـەر دووگمـەی Sign out بکـەیت، کەدەکەوێتــە تەنیــشت ناونیــشانی ئیمەیڵەکەت:



–بـۆ دووبـارە و،چـەند بـارە كردنـەوەی ئیمەیڵەكـەت بـۆ ئـەوەی نامەو،پـەیامبنێریت ،یـان نامەو،پـەیامی هـاتوو بخوێنیتەوە،پێویـستە سەرەتا ماڵپەڕی مای وەی www.myway.comبكەیتەوە:




–پاشان كلیك لەسەر دووگمەی My Emailبكە:




لەخانەی Your User Nameدا ناونیشانی ئیمەیڵەكەت بنووسە و،لە خانـەی Your password دا وشـەی نهێنـی ئیمەیڵەكـەت بنووسـەو پاشـان كلیـك لەسـەر دووگمـەی Sign In! بكـەو بەمـەش داغـڵ بـە ئیمەیڵەكەت دەبیتەوە.

# ئیمەیڵی هۆتمەیڵ و لایڤ


## هۆتمەیڵ

www.hotmail.com


–ماڵپەڕی هۆتمەیڵ www.hotmail.com یان www.live.com بکەرەوە:




–كليك لەسەر دووگمەی Sign up بكە :




–ئەم فۆڕمەت بۆ دەکرێتەوەو پڕی بکەرەوە:




–بەم شێوەیەی خوارەوە فۆڕمەکە پڕبکەرەوە:




*پاشان کلیك لەسەر I Accept بکە :




ئێستا داغڵ بە ئیمەیڵەکەت بوویت و پیرۆزە :



ناردنی ئیمەیڵ و خوێندنەوەی نامەی هاتوو وەکو ئیمەیڵەکانی تر وایە ،بۆیە باسی ناکەین،بۆ دووبارە کردنەوەی ئیمەیڵەکەش سایتەکە بکەرەوە و لەخانەی Windows live IDدا ئیمەیڵەکەت بنووسە و لەخانەی Password یشدا وشەی نهێنی و پاشان کلیك لەسەر Sign inبکە و داغڵ ببە.




والاَ

www.walla.com

–ماڵپەڕی والاَwww.walla.com بکەرەوە :




–کلیک لەسەر Signup for a free 3G mail accountبکە،کەبەهۆیەوە ئەم فۆرمە دەکرێتەوە:



بەم شێوەیەی خوارەوە فۆڕمەکە پڕبکەرەوە:

*لەخانەی user name ناوی بەکارهێنەریت بنووسەو،نابێت لەچوارپیت کەمتربێت.

*لەخانەی passwordدا،وشەی نهێنی ئیمەیڵەکەت بنووسە.

*لەخانەی Re-type passwordدا،دووبارە وشەی نهێنی ئیمەیڵەکەت بنووسەرەوە.

*لەخانەی پرسیار دڵنیایدا security question دا،پرسیارێك بنووسە ،کە لەکاتی بیرچوونەوەی پاسۆرد دا سود لە وەڵامەکەی وەردەگریت.

*لەخانەی Your answer دا،وەڵامی پرسیارەکەی پێشوو بنووسەو،واباشترە بیرت نەچێتەوە بۆ ئەوەی لەکاتی بیر چونەوەی پاسۆرد دا سودی لێوەربگریت.

*لە خانەی birth dayدا،بەرواری لەدایك بوونەکەت هەڵبژێرە.

*لەخانەی email دا،ئیمەیلێك بنووسە،یان دەتوانیت وازی لێبهێنیت.

لەخانەی first nameدا ،ناوێك بنووسە و،لەخانەی last name دا،ناوی دووەمت بنووسە .


*لەخانەی genderدا ،ڕەگەزەکەت دیاری بکە و، femalبۆ مێینەو، maleبۆ نێرینە.

*لەخانەی country دا،وڵاتێك هەڵبژێرە.


–کلیك لەسەر دووگمەی Create Account بکە،وبمەش ئەم ڕووکارەی خوارەوە دەردەکەوێت :




–كليك لەسەر دووگمەی Continue بكەو،بەمەش داغڵ بە ئیمەیڵەكەت دەبێت :




–ئەگەر دەتەوێت بابەت بنێریت ،كليك لەسەر composeبكە:





*لەخانەی To دا ،ناونیشانی ئیمەیلی ئەو کەسە بنووسە کەدەتەوێت نامەی بۆ بنێریت .

*لە خانەی CcوBcc دا،ناونیشانی دووکەسە دیکە بنووسە،ئەگەر دەتەوێت لەهەمان کاتدا نامەکە بۆ ئەوانیش بنێریت.

*لەخانەی Subject دا،ناونیشانی ئەو نامەیە بنووسە ،کەدەتەوێت بینێریت.


–ئەگەر دەتەوێت فایلێك لەگەڵ نامەکان بنێریت بەشێوەی پێچراوەی Attachئەوا کلیك لەسەر دووگمەی bowseبکە و،پاشان لەخانەی look inی ئەودایەلۆگ بۆکسەی بۆت کراوەتەوە شوێنەی ئەو فایلە ،یان وێنەیە دیاری بکە:




–پاشان بەهۆی دووانە کلیکەوە ئەو فیلە هەڵبژێرە،یان کلیکی لەسەر بکەو،پاشان کلیك لەسەر openبکە:



–پاشان چاوەڕێبە تا بابەتەکەت،یان وێنەکە ئەتاچ دەبێت :





–پاشان کلیك لەسەر دووگمەی ناردن Send بکەو،ئەگەر ئەم شێوەیەی خوارەوە کرایەوە ،کۆدەکە لەخانەکەدا بنووسەرەوەوپاشان کلیك لەسەر دووگمەی بەردەوامبوون Continueبکە:



-پاشان دەبینیت لە پووکارێکی نوێ دا پێت دەڵێت ،کە نامەکانت ڕۆیشتووە بۆ ئەو کەسانەی کە ویستت نامەکانی بۆ بنێریت و،لە ڕۆشتنی دڵنیات دەکاتەوە:




-ئەگەر دەتەوێت بابەتە هاتووەکان بخوێنیتەوە،ئەوا کلیك لەسەر inboxبکە:




–ئەگەر دەتەوێت بابەتی هاتوو بخوێنیتەوە کلیك لەسەر ناونیشانی بابەتەکە بکەو،بەمەش دەکرێتەوە:




–لەبەشی سەرەوە inbox دا،بەشێکی تایبەت هەیە بۆ ڕیزکردنی نامە هاتووەکان وەکو لە وێنەکەدیارە و،دەتوانیت سودی لێوەربگریت:



–بۆ دەرچوون لە ئیمەیڵەکەت کلیك لەسەر Sign out بکە:




–ئێستا بۆ ئەوە دووبارە و،چەند بارە داغل بە ئیمەیڵەکەت ببیتەوە سەرەتا ماڵپەڕی والاّ بکەرەوە :



*لەخانەی user name دا،ناونیشانی مەیڵەکەت بنووسە.

*لە خانەی passwordدا،وشەی نهێنی مەیڵەکەت بنووسە.

*پاشان کلیك لەسەر دووگمەی Sign inبکە.

بەمەش دەبینیت ئیمەیڵەکەت دەکرێتەوە ،دەتوانیت بەهۆیەوە نامە هاتووەکان بخوێنیتەوە ،یان نامە بنێریت و،کارەکانتی بەهۆیەوە ئەنجامبدەیت.


پیرۆزە لە والآشدا بوویتە خاوەنی ئیمەیڵی خۆت

# بەشی شەشەم

# چات و .... هەمەڕەنگ

## بڵاوکردنەوەی ناونیشانی ماڵپەڕەکەت لە سێرچی گووگڵ دا

–ناونیـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــشانی www.google.com/addurl/?continue=/addurlبکەرەوە:





–لەخانەی urlدا،ناونیشانی ماڵپەڕەکەت بنووسەوەکو لە وێنەکەدا دیارە.


–لەخانەی Commentدا،تەعلیقێك لە بارەی ناونیشانی ماڵپەڕەکەتەوە بنووسە.

–ئەو کۆدەی بۆت نووسراوە لەناو لاکێشەکەدا ،لە ناو لاکێشە بچوکەکەی ژێریدا بینووسەرەوە.

–پاشان کلیك لەسەر دووگمەی Add URL:





–هەنووکە سوپاس نامەیەکت هاتۆتە بەردەست و،دڵنیات دەکاتەوە ،لە بڵاوبوونـــەوەی ناونیـــشانی ماڵپەرەکـــەت لـــە نـــاو بگـــەڕی گووگـــڵ دا و،هەرکـەس بیـەوێت بەشـوێن زانیـاری کوردی ،بگـەڕێت،یان بـەگوێرەی ئەو Commentی نووسیت:



## بڵاوکردنەوەی ناونیشانی ماڵپەڕەکەت لە سێرچی MSN دا

–ناونیشانی——————————————————

www.search.msn.com/docs/submitaspx?FORM=WSDD2





*لەناو لاکێشەی charactersدا،ئەو وشەو پیتانەی سەرەوە بنووسەرەوە.

*لەخانەی Type the URL of Your homepageدا،ناونیشانی ماڵپەڕەکەت بنووسە،وەکو لە وێنەکەدا دیارە:



-پاشان کلیک لەسەر دووگمەی Submit URL بکەو،بەمەش ئەم ڕووکارەی خوارەوە دەردەکەوێت :




*ئەگەر دەتەوێت بگەڕێیتەوە بۆ بگەڕی مسن کلیک لەسەر دووگمەی Return to Msn Searchبکە.

*ئەگەر دەتەوێت ناونیشانی دیکە داغڵ بە بگەڕی مسن بکەیت کلیک لەسەر دووگمەی Submit Another URLبکە.

بێگومان ژمارەی ماڵپەرەکانی گەڕان زۆر زۆرەو ،ئەمەش تەنها دوونمونە بوو لەسەر ئەو ماڵپەڕانەی گەڕان و،چۆنێتی بڵاو کردنەوەی ناونیشانی ماڵپەرەکەت تیایدا ،کە سودی زۆری هەیەو ،بەکارهێنەری ئینتەرنێت سودی لێوەر دەگرێت و،لەکاتی گەڕاندا ماڵپەرو ،ویبلۆگەکەتی دەکەوێتە بەر چاو, بەو هیوایەی تۆی فێرخواز سودت

لێبینی بێت و،یتوانیت بەهۆیەوە ناونیشانی ماڵپەڕی تایبەتی خۆت ،یان ناونیشانی ویبلۆگەکەتی تیابڵاوبکەیتەوە .

بێگومان ئەم بوارەو زۆرێك لە بابەتو ،بوارەکانی دیکەش زۆر لەمە زیاتر هەڵدەگرێت بەڵام بەداخەوا بەهۆی نەبوونی کاتی پێویست و،نەبوونی هیچ یارمەتی و،دەستگیرۆییەکی مادی و،مەعنەوی لەلایەن هیچ کەس و،لایەنێکەوە نەمان توانی لەوە زیاتر درێژەی پێبدەین و،حەقی تەواوی بدەینێ .چونکە قەبارەی کتێبەکە زۆر لەوە گەورەتر دەبوو ،بەمەش نرخێکی گرانتر دەکەوت لەسەر تۆی بەکارهێنەر.چونکە نەلەلایەن حکومەت و،نەهیچ کەس و،لایەنێکەوە ،یارمەتی نەدراوم.

ئەگەر چی هیوادارم لەچاپەکانی ئایندەدا ئەو کەم و،کورتییانەی هەن ،کەمیان بکەمەو،نەیان هێڵم و،لاشم گرنگ نەبێت کە حەجمەکەی هەرچەندێك بێت و،هیوادارم تۆی خوێنەریش لات ئاساییبێت و،بۆ زیاتر گەشەپێدانی و،بەرزکردنەوەی بۆ ئاستێکی بالاَ پێویستی بەڕەخنەو،پێشنیاری ئێوەیە.بۆیە لەبیرمان مەکەن....!!!!!!؟؟؟؟

## ماڵپەڕێك بۆ دیاریکردنی نەخۆشی

**مواقع لتشخيص الامراض**

www.diagnose-me.com




لەلاپەڕەی یەکەمدا سروشتی ماڵپەڕەکە ڕوونکراوەتەو،تایبەتمەندییەکانی و،جیاوازی لەنێوانی ئەم سیستەمەو،مرۆی دکتۆردا ڕوونکراوەتەو،زۆر زانیاری دیکە ،وەلێ پێویستە فۆڕمێکی دوورودرێژ لە بە زانیاری پڕبکەیتەوە ،بۆ وەرگرتنەوەی وەلامەکەت و،دیاری کردنی نەخۆشییەکەت و،پێویستیشە شارەزای زمانی ئینگلیزیت هەبێت بۆ سود وەرگرتن لەم ماڵپەڕەو ،سیستەمە نایابەکەی و،بەوهیوایەی لەئیندەیەکی نزیکدا ئەم سیستەمە بگۆڕێت بۆ نووسینی عیلاج و،چارەسەرکردنیش ،کەئەمەش


ئومێـــدێکی چـــاوەڕوان کـــراوە لـــە دوونیـــای تەکنیکـــدا و،کاریگـــەری تـــەواویش لـــە دونیـــای پزیـــشکی و،تەندروســـتی دەکـــات و،بـــەرەو ،ئـــەو هیوایـــەی دەبـــات ،هـــەروەکو چـــۆن تاقیگـــەی گریمانـــەی بـــۆ خوێنـــدنی ئەلەکترۆنی بوارەکانی پزیشکی دروست بوو ،وبەمەش خوێندنی بواری پزیـشکی ئەلـەکترۆنی ڕۆژ بـەڕۆژ ڕوولـە زیـادبوون دەکـات و،مژدەیـەکی خۆشـــە بـــۆ ئـــەو کەســـــــــانەی دەیانـــەوێت لـــەو بوارەدا بخوێنن.



## وەرگێڕان لە ئینتەرنێت دا


www.systransoft.com

–ماڵپەڕی www.systransoft.com بکەرەوە:





–لەخانەی Text:Enter up to 150 Words for translation ئەو دەقەبنووسە ،کە دەتەوێت وەری بگێڕیت و،لەبەشی خوارەوەشدا (وەکو لە وێنەکەدا دیارە)دیاری بکە لە چ زمانێکەوە بابەتەکە وەردەگێڕیت بۆ چ زمانێکی دی،و

لە کۆتایدا کلیك لەسەر (click here to translate)بکە ،بۆ ئەنجامدانی وەرگێڕانەکەو،بەمەش کارەکە بەئەنجامدەگات ،وەکو لە وێنەکەدا دیارە:




babelfish.yahoo.com



–بەکارهێنانی ئاسانەو ،لەلاکێسە گەورەکە دەقەکە بنووسەو ،لە لاکێشەبچوکەکەی ژێرەوەدا دیاری بکە لەچ زمانێکەوە دەیگۆڕیت بۆ زمانێکی دی و،پاشان کلیك لەسەر دووگمەی (Translate)بکە.

www.languageguide.org




–هاوکات دەتوانیت سود لەبەشی وەرگێڕانی ماڵپەڕی ناسراوی گووگڵ وەربگریت.

–هەروەها دەتوانیت سودی لە ماڵپەڕی www.tarjim.ajeeb.comوەربگریت،وەلێ دەبێت بەشداری بکەیت ،و ماڵپەڕی www.almisbar.comیش بۆهەمان مەبەست بەکاردێت.

–هاوکات دەتوانیت سود لە ماڵپەڕی وەرگێڕانی فارسی www.parstranslator.netوەربگریت ،کە لەزمانی ئینگلیسی بۆ فارسی و،بەپێچەوانەشەوە وەر گێڕان ئەنجامدەدات.

## وێنە لە ئینتەرنێت دا

## دروستکردنی کەتەلۆگ بۆ وێنەی دیجیتاڵی


زۆرن ئەو ماڵپەڕانەی خزمەتگوزاری دروستکردنی ئەلبوومی ئەلەکترۆنی پێشکەش دەکەن هەتاوەکو ئێمەی بەکارهێنەر بتوانین وێنەکانمانی تیابلاوبکەینەوە،ناونیشانەکەی بدەین بە هاوڕێ و،خۆشەویستانمان،یان هەر کەسێکی دیکە تاسەردانی بکەن و،وێنەو ،پرۆفایلی تایبەتیمان ببینن،بۆیە لێرەدا باسی دروستکردنی ئەلبووم لە ماڵپەڕی Myphotoalbum دا،دەکەین و،ئاماژەش بەماڵپەڕی دیکە دەدەین تابۆ ئەم بوارە سودی لێوەربگریت:

-ماڵپەڕی www.myphotoalbum.com بکەرەوە:



دەبینیت زانیاری تەواو لەسەر ئەو خزمەت گوزارییە نووسراوە،کە ئەم ماڵپەڕە پێشکەش بەتۆی بەکارهێنەری دەکات بەشێوەیەکی بێبەرامبەر و،تۆی بەکاربەریش دەتوانیت سودی لێوەربگریت و،کەتەلۆگێکی جوان بۆ وێنەکانت دروست بکەیت،تیایدا و،ناونیشانی تایبەت بەخۆتت هەبێت تیایدا،وەکو ئێمە ناونیشانێکمان بۆ خۆمان دروست کردووە ،ئەگەرچی ئەم ناونیشانە تەنها بۆ مەبەستی باسکردنی ئەم بابەتە بووە ،بۆ ئەوەی تۆی بەکارهێنەر لێوەی فێر ببیت و،بتوانیت،ئەلبەمێك بۆ خۆت دروست بکەیت،هەربۆیە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە فەرموو شوێن هەنگاوەکان بکەوە،کە یەك یەك بەدوای یەکدا باسیان دەکەین:

–کلیك لەسەر دووگمەی Get Started! بکە،کە بەهۆیەوە ئەم فۆرمەی خوارەوە دەکرێتەوە:




*لەخانەی Your desird address دا،ناونیشانێك بۆ ئەلبوومەكەت بنووسە ،كە دوای بەهۆی ئەم ناونیشانەوە خوێنەر و،میوانەكان سەردانی ئەلبووم و،پرۆفایلەكەت دەكەت،وەكو ئێمە نووسیوومان (هێمن بەرزنجی)و،بەمەش ناونیشانی ئەلبوومەكە بەم شێوەیە دەبێت (www.hemnbarznji.myphotoalbum.com)و،تۆش ناوێك بۆ ئلبوومەكەی خۆت بنووسە.

*لەخانەی Enter your email address دا،ناونیشانی ئیمەیڵەكەت بنووسە.


*لەخانەی Retype your email address دا، دووبارە ئیمەیڵەكە بنووسەرەوە .

*كلیك لەناو چوار گۆشەكەی بەردەم I Agree to the my photo album terms and condition بكە.

–كلیك لەسەر join now free! بكە:



دەبینیت پێت دەڵێت بەدڵنیاییەوە ئەلبوومەکەت دروست بووەو،ئێستاش ئیمەیڵەکەت بکەرەوە،نامەیەکت لە کۆمپانیای Myphotoalbumبۆ هاتووە،لینکێکی تیادایە ،کە بەرەنگی شین نووسراوە،هێڵێك لە ژێریایەتی و،کلیکی لەسەر بکەو،بەمەش ئەم شێوەیەی خوارەوەت بۆ دەکرێتەوە:





*ئەو کۆدانەی دیارەلە لاکێشەگەورەکەدا ،لەناو لاکێشەی Enter Authorization codeبنووسەرەوە،وەك خۆی.

*لەخانەی Desired passwordدا،وشەی نهێنی تایبەتی ئەلبوومەکەت بنووسە.

*لەخانەی rytype passwordدا،دووبارە وشە نهێنییەکە بنووسەرەوە.

پاشان بەشی دووەمی فۆڕمەکە پڕبکەرەوە:




*لەخانەی First name دا،ناوی یەکەمی خۆت بنووسە .


*لەخانەی last nameدا،ناوی دووەمی خۆت بنووسە.

*لەخانەی Genderدا ،ڕەگەزەکەت دیاری بکەن،وMaleبۆ نێرو،Femaleبۆ مێینە هەڵبژێرە.

*لەخانەی Birth dayبەرواری لەدایك بوونت هەڵبژێرەو،لەخانەی countryدا ولآتێك هەڵبژێرەو،لە خانەی zip/postal codeدا کۆدی ئەو ولآتە بنووسە، کە هەڵت بژاردووە.

*کلیك لەناو چوارگۆشە بچووکەکەی پێش کۆتای بکە.

–لەکۆتایدا کلیك لەسەر دووگمەی Activate Now!بکە،کە بەهۆیەوە ئەم شێوەیەی خوارەوە دەکرێتەوە تیایدا ناونیشانی ئەلبوومەکەت نووسراوەو،دڵنیات دەکات لە درووست بوونی :





–كليك لەسەر دووگمەی Click Here To Continous! بكە،كە بەهۆیەوە ئەم شێوەیەی خوارەوە دەكرێتەوە:



